Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

10.24271/jgu.2023.1010015

# یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و بڕیاری خەباتی چەکداریی

زانا فەقێ محمد[1] ، ئاکۆ عبدالکریم شوانی[2]

1-بەشی مێژوو، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان

2 - بەشی مێژوو ،کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی

**پوختە**

دامەزراندنی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لە ساڵی 1975 وەك هێزێکی نیمچە بەرەیی، بە دەستپێشخەری جەلال تاڵەبانی، لە ئەنجامی هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول و دروستبوونی بۆشایی سیاسیی بوو لە باشوری کوردستان، دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، لە پێناو ئەوەدا بوو دووبارە دەست بە خەباتی چەکداری بکاتەوە لە دژی حکومەتی عێراق، یەک لە شکری ڕزگاری نیشتیمانی پێکبهێنرێت، خەباتی سیاسیی ببوژێتەوە، لەم پێناوەیشدا سەرکردایەتیی (یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان)، لە ناوخۆ و دەرەوە ئامادەکاری بۆ کرد، هەر دوو پرۆژە و پەیرەوی (نەخشەی ڕزگاری) و (پەیرەوی دەستە چەکدارەکان)ی ئامادەکرد، 1ی حوزەیرانی 1976 وەك ڕۆژی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداریی لە دژی حکومەتی عێراق لە باشووری کوردستان دیاریکرد، پێکهاتەی توێژینەوەکەمان لە پێشەکییەك و دوو باسی سەرەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە، باسی یەکەم بە ناونیشانی (دامەزراندنی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان) و هەرچی باسی دووەمە بۆ خستنەڕووی هۆکارەکان و ئامادەکارییەکانی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان بۆ بڕیاردان لە دەستپێکردنەوەی (خەباتی چەکداریی) تەرخانکراوە، ئەنجام تەرخانکراوە بۆ هەڵهێنجانی گرنگترین بیروبۆچوونەکان سەبارەت بە مێژووی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و بڕیاری خەباتی چەکداری، هەوڵماندااوە بەپشت بەستن بەسەرچاوەکان زۆرترین زانیاری دەربارەی ناونیشانی توێژینەوەکەمان بخەینەڕوو.

***Article Info***

Received: January, 2022

Revised: February, 2023

Accepted: April, 2023

***Keywords***

حکومەتی عێراق، هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول، یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، کۆبوونەوەی بەرلین، جەلال تاڵەبانی، نەخشەی ڕزگاری

***Corresponding Author***

Zana.faqe@garmian.edu.krd

## پێشەکی

دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول لە 1975، قۆناغێکی نوێ لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە باشووری کوردستان دەستیپێکرد، کە زیاتر بە قۆناغی فرە-حیزبی ناسراوە، چونکە چەندین پارت و ڕیکخراو دروستبوون، جارێکی تر خەباتی چەکداری لە دژی حکومەتی عێراق دەستپێکردەوە، لە گرنگترین ئەو پارت و ڕێکخراوانە ( یەکێتی نیشتیمانی کوردستان) و ( سەرکردایەتی کاتی/ قیادە موقەتە) بوون، لە ئەدەبیاتی هەر یەکەیاندا بە جۆرێك باس لە دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری لە دژی حکومەتی عێراق کراوە، لەڕاستیدا (ی.ن.ك)، پاش دوو مانگ لە هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول لەلایەن (جەلال تاڵەبانی)یەوە دامەزرا، دامەزراندنیشی بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداریی بووە لە باشووری کوردستان، ئەمەش دوای چەندین کۆبوونەوە و ڕاگۆڕینەوە لە نێوان دەستەی دامەزرێنەرانی (ی.ن.ك) بە تایبەتی (جەلال تاڵەبانی) و ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی مارکسی ـ لینینی کوردستان، لەم پێناوەیشدا یەکەمین پرۆژەی چەکداری بە ناوی(نەخشەی ڕزگاری) لە دیمەشق لە٢٣ی ئایاری١٩٧٦ دادەنێت، وەك بناغەیەك بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری، هەروەها لە لایەن ئەندامانی ڕیکخستنەکانی کۆمەڵەی مارکسی ـ لینینی کوردستان (پەیرەوی دەستە چەکدارەکان) ئامادەدەکرێت بۆ ڕێکخستن و خەباتی هێزی پێشمەرگە. 1976/6/1 دەکرێت بە ڕۆژی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری لە باشووری کوردستان، بەمجۆرە ( یەکێتی نیشتیمانی کوردستان/ ی.ن.ك)، دەبێتە یەکەمین پارت، لە دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول بڕیاری دەستپیکردنەوەی خەباتی چەکداری لە دژی حکومەتی عێراق دابێت.

**گرنگی توێژینەوە و هۆکاری هەڵبژاردنی:**

گرنکی و بایەخی توێژینەوەکە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، هەوڵماندـاوە، بەشێوەیەکی ورد و زانستی هۆکارەکان و چۆنێتیی دروستبوونی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و چۆنێتی بڕیاردانی خەباتی چەکداری بخەینەڕوو، ئەمەش بە پشتبەستن بووە بە چەندین پەرتووك و گۆڤار و ڕۆژنامە و بەڵگە و چاوپێکەوتن بڵاوکراوەی تایبەت بەناونیشانەکەمان، دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری لە باشوری کوردستان بە سەرەتای شۆڕشی نوێ دادەنرێت، ئەمەش گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، چونکە کاریگەریی هەبووە لە ڕووداوەکان و ئاراستەکردنیان.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئامانج لەم توێژینەوە لە بارەی (یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و خەباتی چەکداری) لە پلەی یەکەمدا بۆ خستنەڕووی هۆکارەکان و چۆنێتیی دروستبوونی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە، لێکدانەوە و شیکردنەوەی ڕووداوەکانە، هەروەها ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە، پیشاندان و ڕوونکردنەوەی پرەنسیپەکان و هۆکارەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدارییە لەلایەن ئەو پارتەوە لە پاش هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول. لەم لێکۆڵینەوەدا هەوڵدراوە بە تێگەیشتن لە بارودۆخی ئەو کاتە هۆکار و چۆنێتی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری بخەێتەڕوو.

**میتۆدی توێژینەوەکە:**

ئەو میتۆد و ڕێبازەی لەم توێژینەوەیەدا پشتی پێ بەستراوە، بریتییە لە میتۆدی (وەسفی شیکاریی)، لەسەر بنچینەی هەڵهێنجان سەرچاوەی گرتووە. بۆ توێژینەوە لەسەر ڕووداوەکان پشت بە چەندین سەرچاوە بەستراوە، وەك (چەندین پەرتووك بەزمانەکانی کوردی و عەرەبی، توێژینەوەی ئەکادیمی و گۆڤار و ڕۆژنامە و چاوپێکەوتن و چەندین بڵاوکراوەی دیکە)، هەوڵدراوە، ڕووداوەکان بە شێوەیەکی زانستییانە و کورت و پووخت لێکدەینەوە و بۆچوونی خۆمان دەربارەیان بخەینەڕوو.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکییەك و دوو باس و ئەنجام پێکهاتووە، تا بتوانرێت هەموو لایەنە گرنگەکانی بابەتەکە ڕوونبکرێتەوە، لە باسی یەکەمدا (هۆکار و چۆنێتی دروستبوونی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان)، خراوەتەڕوو، لەباسی دووەمدا لەژێر ناوی(بڕیاری خەباتی چەکداری)، هەوڵدراوە تیشکبخرێتە سەر هۆکارەکان و چۆنێتی ئامادەکارییەکان بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری لەلایەن سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانەوە. لە کۆتایدا هەوڵداوە گرنگترین ئەو ئەنجامەنەی پێی گەیشتووین بە خاڵ بیانخەینەڕوو.

**گرنگترین سەرچاوە بەکارهاتووەکانی توێژینەوەکە:**

بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە هەوڵدراوە زۆرترین سەرچاوەی پەیوەست بە ناونیشانی توێژینەوەکە بەکاربهێنرێت، ئەمەیش لەپێناو ئەنجامدانی توێژینەوەکەمان بە شێوەیەکی زانستی، سەرچاوەکانیش بریتین لە (پەرتووك و بەڵگەنامە و گۆڤار و ڕۆژنامە و چاوپێکەوتن و سایتە ئەلیکترۆنییەکان)، پەرتووکەکانیش بە زمانی جۆراوجۆرن، گرنگترین ئەو سەرچاوانەی کە لەم توێژینەوەیەدا سوودێکی زۆریان لێوەرگیراوە، بریتین لە (نەوشیروان مستەفا: لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عیراق ١٩٧٥ -١٩٧٨، ب،چ، لەندەن، ١٩٩٧مام جەلال، دیداری تەمەن لەلاوێتییەوە بۆ کۆشکی کۆماری، ئامادەکردنی سەلاح ڕەشید، ب٢، چ٢، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٧؛ پشکۆیەک لە خۆڵەمێشدا، بەشێکی گرنگ لە ژیاننامەی هۆمەر شێخمووس، ئامادەکردنی: نەوزاد عەلی ئەحمەد، چ٢، چاپخانەی کار، سلێمانی ٢٠١٨؛ مەلا بەختیار: لەبری بیرەوەری، چ١، چاپخانەی تاران، ئێران، ٢٠٢٠، ؛ ، برایم جەلال: چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە، چ٣، چاپخانەی چوارچرا، ٢٠١٣). جگە لە ئەنجامدانی چەندین چاوپێکەوتن لەگەڵ بەشێك لە کاراکتەری ڕووداوەکان.

**باسی یەکەم: دامەزراندنی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان**

پاش واژۆکردنی بەیاننامەی(١١ی ئازاری١٩٧٠[i])، چوارساڵ بارودۆخی نە-شەڕ نە-ئاشتی لە باشووری کوردستاندا درێژەی هەبوو، بە هۆی جێبەجێنەکردنی ناوەڕۆکی بەیاننامەی ١١ی ئازار، لە نیسانی ١٩٧٤دا شەڕی کورد و حکومەتی عێراق لە باشوری کوردستان دەستیپێکردەوە، بە جۆرێک شەڕی ئەمجارە جیاوازتر بوو لە شەڕەکانی پێشووتر، چونکە سنورێکی فراوانی گرتەوە، شەڕەکەش زۆر سەخت و دژواربوو، بۆیە زۆرینەی کورد لە باشووری کوردستان لەژێر ئاڵای (پدک) دژی حکومەتی عێراق کۆبوونەوە[ii] .بە مەبەستی کۆتایهێنان بە شۆڕشی ئەیلوول هەرچی توانای سەربازی هەبوو، بۆ لە ناوبردنی شۆڕش بەکاریدەهێنا، بە جۆرێک هەموو ڕۆژێک تۆپبارانی ناوچەکانی سەرکردایەتی دەکرد، وێڕای بەکارهێنانی چەکی قورس لە بەرەکانی جەنگ[iii]، بە هۆی بەر پەرچدانەوەی سەرجەم هێرشەکان لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە[iv]، حکومەتی عێراق توشی زەرەر و زیانێکی مادی و مرۆیی زۆر بووەوە، خەرجییەکانی بواری سەربازی بە جۆرێك زیادی کرد، لایەنی دارایی عێراق دووچاری کورتهێنان بوو[v].

لە پێناو کۆتاییهێنان بە شۆڕش، حکومەتی عێراق پەنای بۆ هەموو ڕێگایەک دەبرد[vi]. تا لە ٦ی ئازاری ١٩٧٥دا لە کۆبوونەوەی ساڵانەی ڕێکخراوی (ئۆپیک)دا (ڕێککەوتننامەی جەزائیر[vii])ی لە گەڵ ئێراندا مۆرکرد[viii]، ئێران هەموو هاوکارییەکی بۆ شۆڕشی ئەیلوول وەستاند[ix]، ئەمەش بووە هۆکاری سەرەکی شکستی شۆڕشی ئەیلوول[x]، هەربۆیە لە١٩ی ئازاری ١٩٧٥ مەلا مستەفای بارزانی بڕیاری کۆتایی پێهێنانی بە شۆڕشدا[xi]، بە جۆرێک لە ماوەی حەوت ڕۆژدا لە ٢٦ی ئازاری ١٩٧٥، بە تەواوی کۆتای بە شۆڕشی ١٤ساڵەی ئەیلوول هات[xii]، (پ.د.ك) لە بەریەک هەڵوەشایەوە و کۆتایی بە هەموو چالاکی و ڕێکخستنەکانی هات[xiii].

شکستی شۆڕشی ئەیلوول، بۆشاییەکی گەورەی سیاسی لە باشووری کوردستان دروستکرد، خەڵک دووچاری نائومێدیەکی گەورە هات، حکومەتی عێراق بە بەردەوامی لەنێوچوونی یەکجارەکی شۆڕشی کوردیان لە باشووری

کوردستان دووپات دەکردەوە، لە ڕادیۆی بەغداد قسەکانی (ئەحمەد حسەن البکر1914-1982) یان دووبارە دەکردەوە، کە دەیوت: "شۆڕشی کورد بۆ هەتاهەتایە کۆتایی پێهێنرا[xiv] ، خەڵکی دووچاری نا ئومێدییەکی گەورە بوون، بە دەیان هەزار خەڵک ئاوارەبوون و ڕوویان لە ئێران کرد، داوای مافی مانەوەیان دەکرد، لە ترسی ئەشکەنجەدان و ئازاردانیان لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە[xv]، چونکە حکومەتی عێراق دەستیکردبوو بە تێکدانی دیمۆگرافیای باشووری کوردستان، لە ڕێگای جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی ڕاگواستنی زۆرەملێ و بەعەرەبکردنی دانیشتووانی ناوچە کوردنشینەکان، بە مەبەستی تواندنەوەی کورد لە باشووری کوردستان[xvi]، وێڕای دروستکردنی پشتێنەیەکی ئەمنی لە سنووری ئێران و عێراق، کە مەبەست لێی(باشوری کوردستان)بوو، هەروەها دەستیکرد بە خاپوورکردن و تەختکردنی هەزاران گوند و چەندین شار و شارۆچکە بە درێژای سنووری باشووری کوردستان، ئەمەش بووە هۆی ئاوارەبوونی دانیشتوانی ناوچەکان و دروستکردنی ئۆردوگای زۆرەملێ بۆیان و نشتەجێکردنیان تیایدا[xvii]، زۆریک لەو خێزانانەی لە ئێران دەگەڕانەوە بۆ ناوچەکانی باشوری عێراق، ڕادەگوێزران و دوور لە یەکتر نیشتەجێ دەکران، بۆ ئەوەی نەتوانن جارێکی تر پەیوەندی بە یەکەوەبکەن[xviii]، هەرچەندە ئەو خێزانانە بەهۆی لێبۆردنی گشتییەوە گەڕانەوە بۆ عێراق، لێبوردنەکە بە دەستوخەتی (سەدام حوسێن1937-2006) نووسرابوو. چەندین بەڵێنی پێدابوون، کە نەک هەر بەڵێنەکان جێبەجێنەکران، بەڵکو حکومەت فشاری خستبووە سەریان تا ببنە بەعسی.، بەعسیبوون بە واتای وابەستەبوون و کونترۆڵکردنی هاوڵاتی دەهات بە دەسەڵاتەوە، چونکە بەڵگەنامەیەکی واژۆدەکرد، لە کاتی پاشگەزبوونەوە یان خیانەتکردن لێی لە سێدارە دەدرا، ئەمەش بۆ ئەوە بوو، پەیوەندیی بە هیچ ڕێکخراوێک یان حزبێکی سیاسییەوە نەکەن[xix]، تۆڕێکی سیخوڕی و هەواڵگری لەناو کورددا بەشێوەیەکی فروانتر  بڵاوکردەوە، لە پێناو جێبەجێکردنی سیاسەتی بەعس، بەشێوەیەکی دڕندانە و دوور لە بەهای مرۆڤایەتی مەمەڵەیان دەکرد[xx].

سەختیی هەرەسی شۆڕش و دڕندەیی حکومەتی عێراق، ئەو بار و هەلومەرج و زەمینە دەروونییە وایکرد، خەڵکی بۆ دەربازبوون لەو بارە نالەبارە و خۆڕزگارکردن لە مەترسیی و لە ناوبردنی میللی و لە دەستدانی هەستی نەتەوایەتیی و پاراستنی ئابڕووی نەتەوەیی و کەسی، پەنا بۆ خەبات بەرن[xxi]، بۆ بەر پەرچدانەوەی  ئەم حاڵەتە دژوارە لەجیاتی کۆبوونەوە لە دەوری یەک سەرکردە و یەك حزب، کۆمەڵێک حزب و ڕێکخراوی سیاسی سەریانهەڵدا، کۆتایی بە ژیانی تاک حزبی لە باشووری کوردستان هات[xxii].

دوای دوو مانگ لە هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول، بیرۆکەی دامەزراندنی حزبێکی نوێ لەژێر ناوی (یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان[xxiii])، لەلایەن (جەلال تاڵەبانی1933-2017)یەوە گەڵاڵەدەبێت، بە مەبەستی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە سیاسییەی لە ئەنجامی هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول دروستبووبوو[xxiv]، هەر لەم بارەیەوە جەلال تاڵەبانی وتوویەتی:" کارەساتی هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول، کە لەناو خەڵکدا بە (ئاش بەتاڵ[xxv]) ناوئەبرا، کارەساتێکی سامناک و ناخۆشبوو، زۆر تەئسیری تێکردین، کاردانەوەی فعلیمان ئەوەبوو، ئێمە بەرگری بکەین و درێژە بە خەباتبدەین، دڵم بە هەندێ لەو برادەرانە خۆشبوو لە دەرەوەبوون، دڵم بە(نەوشیروان1944-2017) زۆر خۆشبوو لە ڤیەننا بوو، دڵم بە (عومەر شێخ موس) و (کەمال فوئاد1932-2014 )خۆشبوو، کە لە ستکهۆڵم و  بەرلین بوون، گوتم ئەوان دەخەینە گەڕ، هەروەها لەتەنیشت خۆیشم چاوم گێڕا، دکتۆر (فوئادی مەلا مەعسوم)، کە پێکەوە لە لێژنەیەک دابووین و لە کاتی شۆڕشدا لە قاهیرە، بەیەکەوە کارمان دەکرد، سەیرمکرد، ئەویش وەرەی زۆر بەرزە، لەو کاتەدا دکتۆر خدری برای دکتۆر فواد هاتە لامان، ئەویش ئامادەیی نیشاندا بۆ کارکردن لەگەڵمان. لەگەڵ  عەزیز شیخ ڕەزا قسەمکرد، ئەو ئامادەی تێدا نەبوو درێژە بەخەبات بدات[xxvi]، لە لایەکی ترەوە فوئاد مەعسوم دەڵێت:"پاش هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول لەو کەشوهەوا پڕ لە نائومێدی و هیوابڕان و شڵەژان و کاردانەوە جۆراوجۆرەکاندا، ڕۆژی ٢٣ی ئازاری١٩٧٥، بۆ بینینی مام جەلال چووم بۆ بەیروت و یەکترمان بینی، ئەوە بوو داوام لێکرد دەستپێشخەریی بکات بۆ ئەوەی گورەپانی خەبات لە کوردستان چوڵ نەبێت، هەرخۆیشی شایستەی ئەمەیە ئەو ڕۆڵە مێژووییەی بگێڕێت"[xxvii] .

لە مانگی نیسانی ١٩٧٥، هەر یەکە لە (جەلال تاڵەبانی ، دکتۆر کەمال فوئاد، عومەر شێخموس)، لە وڵاتی ئەڵمانیا لە شاری بەرلین کۆبوونەوە، بە مەبەستی خۆئامادەکردن بۆ دووبارە دەستپێکردنەوەی خەبات[xxviii]، لە ٨ی نیسانی ١٩٧٥، نامەیەک دەنوسن بۆ کۆمەڵێک لەکەسایەتی، کە جێگای متمانە بوون و دەیانویست خەبات درێژەی هەبێت[xxix].

لە ٢٢ی نیسانی ١٩٧٥، بە ناوی دەستەی دامەزێنەر، نامەیەکی تر ئاراستەی چەندین کەسایەتی دیار و ناسراو بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەک لە ڕۆژانی ١٦-١٩ی ئایاری ١٩٧٥ لە بەرلینی ڕۆژئاوا کراوە، بە مەبەستی وەرگرتنی ڕاوبۆچوونیان لە سەر دامەزراندی (ی.ن.ك)، بڕیاردان لە سەر شێوەی خۆڕێکخستن و کارکردن و تێکۆشان، بە مەبەستی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە سیاسییەی لە ئەنجامی کۆتاییهێنان بە شۆڕشی ئەیلوول دروستبوو[xxx]، لەسەر داوکاریی جەلال تاڵەبانی کۆبوونەوەکە بۆ ٢٧ی ئایار دواخرا، سەبارەت بە دواخستنی کۆبوونەوەکە، دکتۆر کەمال فوئاد دەڵێت:" مام جەلال پێش دەستپێکردنی کۆبوونەوەکە بە هەفتەیەک، دوایلێکردین کۆبوونەوەکە بۆ دووهەفتە دوابخرێت، هەر بۆیە بڕیارماندا، کۆبوونەوەکە لە٢٧ی ئایاری ١٩٧٥ دەستپێبکەین، بە ئامادەبوونی( ٢٠ کەس[xxxi]) کۆبوونەوەکەمان لەگەڕەکیکی کەناری بەرلین بەست، تێیدا مام جەلال باسی ئاکامی هەوڵ و کۆششەکانی و پەیوەندیکردن بەو هەڤاڵانەوە کە لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدابوون کرد[xxxii]، لە کۆبوونەوەکەدا چەندین پرسی گرنگ خراوەتەڕوو و چەندین بڕیاریش دراوە لەوانە:_

**یەکەم:** خستەنەڕووی یەکەمین بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، کە لەلایەن بەشێک لە دەستەی دامەزێنەری یەکێتیی نیستیمانیی کوردستان لە٢٢ی ئایاری ١٩٧٥ەوە بریاریان لەسەردابوو، بەیاننامەکە لەلایەن (جەلال تاڵەبانی)یەوە نووسرابوو، بریاردرا لە ١ی حوزەیرانی ١٩٧٥ بڵاوبکرێتەوە.

**دووەم:** دیاریکردنی دەستەی دامەزێنەر، لەسەر پێشنیاری جەلال تاڵەبانی پێکهاتبوون لە هەریەکە لە (جەلال تاڵەبانی، دکتۆر فوئاد مەعسوم، عەبدولرەزاق فەیلی و عادل موراد) لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە ئەوروپایش هەر یەکە لە (دکتۆر کەمال فوئاد، عومەر شێخموس و نەوشیروان مستەفا) دیاریکران، تا بەستنی کۆنگرە، بۆ ناوەوەی وڵاتیش لە برادەرانی بزوتنەوەی سۆسیالست و برادەرانی شێخ شیهاب (مەبەست لە ئەندامانی کۆمەڵەیە (توێژەر))، دەستەیەک دروستبکەن بەناوی دەستەی دامەزێنەری ناوەوەی وڵات، بەڵام هەردوو لا سەبارەت بە کاروچالاکی و بڕیاردان سەربەخۆ دەبین، چونکە پەیوەندی بەردەوام زەحمەت دەبێت.

**سێیەم:** بڕیاردرا (ی.ن.ك) ، ڕێکخراوەیەکی نیمچە بەرەیی بێت وتایبەت بێت بەکوردستانی عێراق، کار لەسەر دووبارە ڕێکخستنەوەی خەڵکی بکات[xxxiii].

یەکەمین بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، لە٢٢ی ئایاری ١٩٧٥ ئامادەکرا، لە کۆبوونەوەیەک بە سەرۆکایەتیی (جەلال تاڵەبانی)، بە ئامادەبوونی هەریەکە لە (دکتۆر فوئاد مەعسوم)، (عەبدولرزاق فەیلی 1945-2018) و (عادل موراد 1949-2018)، لە قاوەخانەی (طلیطلة)، لە شاری دیمەشقی پایتەختی سوریا خرایەڕوو[xxxiv]، دوای دەستکاریکردنێکی کەم[xxxv]، بریاردرا لە ١/٦/١٩٧٥ بڵاوبکرێتەوە[xxxvi]، ئەو ڕێکەوتە بکرێت بە ڕۆژی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان[xxxvii]، بەیاننامەکە لە هەندێ وڵاتانی عەرەبی و ئەوروپا لە دوو کاتی جیاوازدا بڵاوکرایەوە، پاشان بەیاننامەکە وەرگێڕدرا بۆ سەر زمانەکانی (فارسی، تورکی ، ئینگلیزی و ئەڵمانی)[xxxviii].

دامەزراندنی (ی.ن.ك)، ئەنجامی زنجیرەیەک کۆبوونەوە بوو، لە ڕۆژهەڵات و ئەوروپا، بەتایبەتی لە نێوان مانگەکانی نیسان و ئایاری ١٩٧٥، بەشداربووانی کۆبوونەوەکان دەیانویست، ڕێکخراوێکی سیاسیی پێکبهێنن بۆ ئەوەی ئەو بۆشاییە سیاسییە پڕبکەنەوە، کە پاش هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول دروستبوو بوو[xxxix]، هەموو ئەو بارودۆخە یارمەتیدەری گرنگبوون، دەستەی دامەزرێنەری (ی.ن.ك)، بتوانن دەستبەجێ دوای هەرەس بکەونە تێکۆشان، چونکە هەلومەرجێکی سیاسیی دەگمەن بوو، لەبەر چەند هۆکارێک، لەوانە:_

**1_** دەستەی دامەزرێنەر، ئازادانە کۆبوونەوەکانیان دەکرد، چونکە دووربوون لە ڕژێمی عێراق.

**2_**دەستەی دامەزرێنەر، لەلایەن وڵاتانی سوریا، لیبیا و فەلەستینییەکان، تەنانەت یەکێتی شورەویش پشتیوانیکراون، یارمەتیدراون لە ڕووی مادی و چەک و تفاق.

**3_** یەکەمین جار بوو لە مێژووی شکستی شۆڕشی چەکداری_سیاسییەکانی کوردستاندا، دەستبەجێ دوای دوومانگ ڕێکخراوێکی نوێ دابمەزرێت و بەڵێنی بەرپاکردنی شۆڕشیش لە یەکەمین ساڵرۆژی دامەزراندنی ڕێکخراوەکەیدا بدات[xl]. دەکرێت بوترێت، بەرئەنجامی کەسایەتیی دامەزرێنەرانی (ی.ن.ك)، بەتایبەتی (جەلال تاڵەبانی)، کە بە بزۆێنەری دامەزراندنی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان دادەنرێت، ئەو دۆخەی یەکێتی تێدا دادەمەزرێت، چ لە ناوەوەی وڵات و چ لە دەرەوەی وڵات، هاوکاردەبن بۆ ئەوەی وەک پێویستییەکی هەنووکەیی لەوکاتەدا دابمەزرێت و بتوانێت بەشێک لەو بۆشاییە سیاسییە پڕبکاتەوە.

دامەزراندنی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، وەک نیمچە بەرەیەک، لە سێ باڵی سەرەکی پێکهاتبوو، ئەوانیش بریتییبوو لە (کۆمەڵە، سۆسیالست، خەتی گشتی)، ئامانج لەو گردبوونەوە و کۆکردنەوەی بۆچوونە جیاوازەکان لەژێر یەک ئاڵادا، بۆ بەدیهێنانی مافەکانی کورد و دژایەتیکردنی سیاسەتی حکومەتی عێراقی بوو[xli]، ئەمەش یەکەمین جاربوو لە مێژووی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردا فرە باڵی و فرە بیروباوەڕی فەلسەفی و سیاسی جیاجیا لەناو تاکە ڕێکخستن بێتەکایەوە، بە شێوەی نیمچەبەرەیی، هەر یەکەیان سەربەخۆیی ڕێکخراوەیی تەواوەتیان هەبوو[xlii]، هەوڵدراوە ئەو ڕێکخستنە نوێیە لە بابەتی (مەلایی وجەلالی)یەوە، دووربێت، لەم بارەیەوە (جەلال تاڵەبانی) وتوویەتی:" لە سەرەتای دروستبوونی (ی.ن.ك)، هەوڵمدا سیغەی جەلالی و مەلایی لە یەکێتییەوە دووربێت، واتا سیغەیەکی هاوبەش بێت، هەموو لایەک بگرێتەوە، هەر لەم پێناوەشدا هەوڵمدا ژمارەیەک لە کۆنە مەلاییەکان بەشداربن لە دامەزراندنی (ی.ن.ك)"[xliii]، مێژووی دامەزراندنی باڵەکانی یەکێتی جیاوازبوون لە یەکتر، بەم شێوەیە بوون:-

**یەکەم: کۆمەڵەی مارکسی _لینینی:**

مێژووی دەرکەوتنی ڕەوتی چەپ بە ئایدیای (مارکسی _لینینی) دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی بیست[xliv]، بەتایبەتی دوای دروستبوونی ئاراستەی جیاواز لەنێو شۆڕشی ئەیلول، کە دواتر بوون بە دووباڵ بە نێوەکانی (باڵی مەکتەبی سیاسی _ باڵی مستەفا بارزانی) زیاتر گەشەی سەند و بیری مارکسی لەنێو خەڵکدا بڵاببووەوە[xlv].

پاش بەیاننامەی١١ی ئازاری١٩٧٠، ئەوانەی خۆیان بە مارکسی و لینینی دەزانی دەستیانکرد بە کارکردن بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوێکی نوێ بە هزری مارکس - لینین، بۆ ئەم مەبەستەش لە ساڵی ١٩٧٠ لە شاری بەغداد چەندین کۆبوونەوە ئەنجامدرا، سەرئەنجام لە١٠ی حوزەیرانی ١٩٧٠لە ماڵی (شەهاب شێخ نوری1932-1976) بڕیار لەسەر دامەزراندنی (کۆمەڵە) دەدرێت، پەیڕەو و پرۆگرام و بەرنامەی کارکردنی تایبەت بە ڕێکخستنەکانی ئامادەدەکرێت[xlvi]، بەشداربووانی کۆبوونەوەی دامەزراندنی (کۆمەڵەی مارکسی_ لینینی کوردستان - کلمک) پێکهاتبوون لە هەریەکە لە (جەلال تاڵەبانی، شەهاب شێخ نوری، فەریدون عەبدولقادر، دلێر سدیق و فوئاد قەرەداغی)، جەلال تاڵەبانی دەبێتە سکرتێری کۆمەڵە، هەرچەندە زۆربەی کات لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە

دوور دەبێت، بەڵام لە ڕووی هزر و نووسینەوە کاریگەری لە سەریان دەبێت[xlvii]، لە بارەی دروستبوونی (کۆمەڵەی مارکسی _لینینی کوردستان) ، نەوشیروان مستەفا وتوویەتی:"(کۆمەڵەی مارکسی_لینینی کوردستان ) ڕێکخراوێکە بە شێوەیەکی بچووک لە ١٠ی حوزەیرانی ١٩٧٠ دامەزراوە، من و (عەجول[xlviii])یش ئاگادرای سەرەتای دەسپێکردنەوەیان بووین، بەڵام خۆیان سەربەخۆ گەشەیان کردووە و دروستبوون و بەهێزبوون"[xlix]، بە پێی ڕاپۆرتی(دلیل ضابط ألأمن) کۆمەڵەی مارکسی_لینین، لە ١ی حوزەیرانی١٩٧٠دامەزراوە، (شەهاب شێخ نوری) دەبێتە سکرتێری کۆمەڵە[l]، ئەم ڕێکخراوە لە نێوان ساڵانی ١٩٧٠_١٩٧٥دەتوانن ڕیکخستنەکانیان لە زۆربەی شارە گەورەکانی کوردستان و بەغداد پەرەپێبدەن و بەتایبەتی لە نێو ڕێکخراوی قوتابیان و لاواندا [li].

کۆمەڵە لە سەرەتای دامەزراندنیەوە تووشی چەندین گرفت و کێشە دەبێتەوە، بە چەندین قۆناغ و ویستگەی جیاجیای سەخت و دژواردا تێپەڕیوە، هەریەکەیان خەسڵەت و سیما و شێوازی کاری تایبەتی خۆی هەبووە و مۆرکی ئەو کەسانەی پێوە دیاربووە، کە ڕۆڵی سەرەکی و بنچینەیان تێدا گێڕاوە و ڕێبەرایەتی خەباتی ئەو قۆناغە و ڕۆژگارەیان کردوە[lii]، چەندین گروپ و ئاراستەی جیاواز لە ناو ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە هەبوو، بۆ چۆنێتی خەباتکردن و بەدەستهێنانی مافی گەلی کورد بەتایبەتی لە شێوازی کارکردنیان کاریگەری هەبووە[liii].

دوای دەستپێکردنەوەی شەڕی کورد لە باشووری کوردستان لەگەڵ حکومەتی عێراق لە نێوان ساڵانی (١٩٧٤_١٩٧٥)، ئەندامانی کۆمەڵە بەشداریان لە شۆڕشی ئەیلوول کرد، بوون بە بەشێک لە پێکهاتەی هێزی پێشمەرگە لە دژی حکومەتی عێراق، ڕۆڵی کارایان بینی[liv]، پاش هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول و دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە ساڵی١٩٧٥، کۆمەڵە ڕەگەزێکی بنچینەیی بوو لە ڕەگەزەکانی دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان[lv]، لەم بارەیەوە جەلال تاڵەبانی وتوویەتی:" لەکاتی هەوڵەکانم بۆ دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، دڵنیابووم، برادەرانی کۆمەڵە لەناوەوەی وڵات هاوکارمان دەبن، کە بزوتنەوەیەکی گەورە دروستبکەین[lvi]، هەربۆیە لەکاتی بینینی مام جەلال لە بەرلینی ڕۆژئاوا لەلایەن (فەریدون عەبدولقادر) پێی ڕادەگەیەنێت[lvii]، کۆمەڵە داینەمۆی یەکێتیی نیستیمانیی کوردستان دەبێت[lviii]، سەرکردایەتیی کۆمەڵە، بەبێ هیچ ڕیککەوتنێکی سیاسیی ڕۆشنی یەکلاکردنەوەی ماف و ئەرکەکان بۆ چۆنێتی ڕابەرایەتیکردنی یەکێتی و شۆڕش، چوونە ناو یەکێتی و بوون بە بەشێک لێی[lix].

**دووەم: بزوتنەوەی سۆسیالستی کوردستان:**

بڕیاری ڕاوەستاندنی شۆڕش و خەباتی چەکداریی لەلایەن (مەلا مستەفا بارزانی) بوو بە هۆی دەمەتەقێ و مقۆمقۆ و نارەزایی لە نێوان کادیران و کەسانی هوشیاری ئەوکاتەی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە هەوڵی بەردەوامی شۆڕشیان دەدا، دەیانویست شۆڕش لەو شکستە ڕزگاربکەن[lx]، پاش هەرەسی شۆڕش، زۆرێک لە سەرکردە سیاسیی و سەربازییەکانی شۆڕش ئاوارەی ئێران بوون، بەتایبەتی لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆبوونەوە، بە پیری بانگەوازی لێبوردنی حکومەتی عێراق نەچوون، چونکە متمانەیان بە بەڵێنەکانی حکومەتی عێراق نەبوو[lxi]، بەمەش شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێتە بنکەی کۆبوونەوەی بەشێک لە سەرکردە دیارەکانی شۆڕش، بەتایبەتی ئەوانەی دەیانویست شۆڕش بەردەوام بێت، بۆیە لە پێناو دەربازبوون لەو دۆخە دوو دوو و سێ سێ، لە ماڵەکانیاندا کۆدەبنەوە و لە خەمی دۆزینەوەی ئەلتەرناتیڤیکدا بوون[lxii]، بۆ ئەم مەبەستە لە ساڵی١٩٧٥چەندین دانیشتن و کۆبوونەوەی جیاواز لە شارەکانی (نەغەدە، مهاباد و ورمێ) ئەنجامدرا، بە مەبەستی دامەزراندنی ڕێکخراوێکی سیاسیی نوێ بۆ درێژەدان بە خەباتی سیاسیی لە باشووری کوردستان[lxiii]، سەرئەنجام لە مانگی نیسانی ١٩٧٥لە شاری ورمێ لە ماڵی (عومەر دەبابە[lxiv])[lxv] ژمارەیەک لە سەرکردە دیارەکان بەشداربوون تێیدا، کە پێکهاتبوون لە ( ئیبراهیم ئەحمەد، عەلی عەسکەری، دکتۆر خالید سەعید، عەلی هەژار، کاردۆ گەڵاڵی، جەمال ئاغا، ڕەسول مامەند، مەلا ناسیح، عومەر دەبابە، عەبدولرەحمان گۆمەشینی، تاهیری عەلی والی، کەمال محێدین)[lxvi]، تێیدا چەندین بڕیاری تێدا دەدرێت، لە گرنگترینیان بریتیبووله:_

1_ بە هیچ جۆرێک نەچنە دەرەوە و هەندەران.

2_ بە هیچ جۆرێک لە ئێران نامێننەوە.

3_ پێویستە بگەڕێنەوە خوارووی کوردستان (مەبەست لێی کوردستانی عێراق) بوو، چونکە کوردستانی بندەستی عێراق بە شوێنی خەباتیان دەستنیشاندەکەن، بڕیاردەدرێت زۆرترین کادیر بنێرنەوە خاکی کوردستانی عێراق، پێویستە بەردەوام پەیوەندییان بەیەکترەوە هەبێت.

4_ دوای گەڕانەوە، هەوڵبدرێت ڕیکخراوێکی سیاسیی نوێ دروستبکرێت، ڕێکخراوێکی فراوان بێت، هەردوو باڵی (مەکتەبی سیاسیی_مستەفا بارزانی) لەخۆبگرێت، پەلە نەکرێت لە دروستکردنی ڕێکخراوەکە[lxvii].

دوای گەڕانەوەی ژمارەیەک لە کادیر و سەرکردەکانی نێو شۆڕشی ئەیلوول بۆ باشووری کوردستان، لە ئەنجامی سودوەرگرتن لە بڕیاری لێبوردنی گشتی، دەستیانکرد بەخەبات و تێکۆشان[lxviii]، سەرئەنجام بە دەستپێشخەری (ساڵح یوسفی) و ژمارەیەک لە کادیر و سەرکردەی دیار لەوانە ( عەلی هەژار، سەید کاکە، عەلی عەسکەری، سەعدی گچکە، قادر عزیز) لە مانگی حوزەیرانی ١٩٧٥دا بڕیاری دامەزراندنی (بزوتنەوەی سۆسیالست دیموکراتی کوردستانیان) دا[lxix] .

یەکەمین بەیاننامەیان لە ٨ی ئابی ١٩٧٥ لە ڕێگای(کەریمی حیسامی) لە بەیروتی پایتەختی وڵاتی لوبنان چاپ و بڵاوکرایەوە[lxx]، (ئازاد مستەفا[lxxi]) دەربارەی دروستبوونی (حسک) دەنوسێت: "پاش هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول و ڕەسمییەن خۆهەڵوەشاندنەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان، کۆمەڵێ لە کادیرە سیاسی و عەسکەرییەکانی شۆڕشی ئەیلوول و هەندێ لە کادیرە بەرچاوەکانی خەتی مەکتەبی سیاسیی (جەلالی) پێک گەیشتوون و گفتوگۆی پێویستی دروستکردنی ڕێکخراوێکی سیاسیی دیموکراتی شۆڕشگێری کوردیان لە نێواندا پەیدابووە، تا دواجار گەیشتنە

ئەوەی پەلەبکەن لە دروستکردنی ڕێکخراوێکی وادا ... ئەو هەوڵانەی لە تەرەفی کۆنە جەلالییەکانەوە {عەلی عەسکەری، عومەر دەبابە، دکتۆر خالید} بوون، لە تەرفی کۆنە پارتییەکانەوە (مەلایی یەکان) { صالح یوسفی، تایەری عەلی والی بەگ، ڕەسول مامەند، عەلی هەژار، کاردۆ گەلاڵی، سەعدی گچکە، مامۆستا شێخ محمد شاکەلی و سەید کاکە}، دەیان کادیری عەسکەری لێهاتووی دیکەی وەکو (سەید سەلیم، شینەبۆڵێ، محەمەد خان، عەوڵا سوور، حەسەن وەرتێ، حاجی برایم و قادر عزیز) و زۆری دیکە، هەر هەموویان شەهیدبوون، جگە لە (حاجی برایم و قادر عزیز) ئەمانە پاش دروستبوونی دەستە چەکدارەکان هاتنە ڕیزی ڕێکخراوەکە و شۆڕشەکەوە ... بریاریاندا کە نێوی (بزوتنەوەی سۆسیالستی دیموکراتی کوردستان) لە ڕێکخراوەکە بنێن، کە دواتر لەبەر ئەوەی ئیلتباسی لەگەڵ سۆسیال دیموکراتی ئەوروپیدا دروستنەبێت و لەبەر ئەوەی لە کوردستاندا سۆسیال دیموکرات بە باڵێکی ئیمپریالیزم حسێبە، ناوەکەیان کرد بە (بزوتنەوەی سۆسیالستی کوردستان)"[lxxii]؛ هەرچەندە لە سەرچاوەکاندا ناوی زۆر کەس وەک دەستەی دامەزرێنەر هاتووە، بەڵام بیرۆکەی داهێنان و دروستکردنی بزوتنەوەکە هی (ساڵح یوسفی) بووە[lxxiii].

لە سەرەتادا ناویان بزوتنەوەی ڕاستکردنەوە ( الحركە التصحيحيە)بوو، بە چاولێکەری حزبی بەعسی سوریا دامەزرابوون، واتە خراپییەکانی (پ.د.ک) چاک دەکەنەوە، پاشان ناویان گۆڕی بۆ بزوتنەوەی سۆسیال دیموکراتی کوردستان، پاشان لەسەر پێشنیاری جەلال تاڵەبانی ناویان گۆڕی بۆ بزوتنەوەی سوسیالستی کوردستان[lxxiv]، لە بارەی گۆڕینی ناوی ڕێکخراوەکە جەلال تاڵەبانی وتوویەتی: " کە عومەر دەبابە هات بۆ لای ئێمە بۆ شام  دەستەی سەرکردایەتی لەگەڵی دانیشتین و گوتمان باشە ئێمە قبووڵمانە کە (بزوتنەوەی سۆشیالستی دیموکراتی) بێتە ناو ئێمەوە، بەڵام ناوەکەیمان پێ گۆڕی، گوتمان: سۆشیال دیموکرات ناوی حزبێکی دیاریکراوە و بڕوا بە خەباتی چەکداری ناکات و ناکۆکی زۆری هەبووە لەگەڵ بزوتنەوەی کۆمۆنیستدا و ئەو ناوە لە وڵاتی ئێمە پەسەند نییە، بۆیە ناوەکەمان گۆڕی بۆ (بزوتنەوەی سۆسیالستیی کوردستان) (الحركة الاشتراكية الكردستانية)، گوتیشمان دەبێ بەرنامە و سیاسەتی یەکێتی قبوڵبکەن"[(lxxv)]، ئەوانیش ناوی ڕێکخراوەکەیان گۆڕی، بەمجۆرە پەیوەندییان بە یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانەوە کرد، بوون بە باڵێکی دیاری یەکێتی [lxxvi].

**سێیەم: هێڵی گشتی:**

باڵێکی تر(ی.ن.ك)بوو، بیرۆکەی دامەزراندنی دەگەڕێتەوە بۆ ٣٠ی ئایاری ١٩٧٥ لە کاتی بەستنی کۆبوونەوەی بەرلین[lxxvii]، بە خەتی گشتی(خەتی پان) ناسراوبوون، لە سەرەتادا زۆرینەی ئەندامانی ئەم باڵە لە دەستەی دامەزرێنەر بوون، ئەوانیش (عومەر شێخموس، دکتۆر کەمال، دکتۆر فوئاد مەعسوم، عادل موراد، عەبدولرەزاق فەیلی، نەوشیروان مستەفا، خدر مەعسوم، کەمال خۆشناو ....تاد)[lxxviii]، ئەندامانیان  زیاتر لەو کەسانە پێکدەهاتن، بەرنامەی (ی.ن.ك)یان قبوڵبوو، دەبوونە ئەندام تێیدا، سەر بە هیچ لە باڵەکانی (کۆمەڵە و بزوتنەوە) نەبوون[lxxix]. لەلایەن (جەلال تاڵەبانی)ی سکرتێری(ی.ن.ك)ەوە سەرکردایەتی دەکران[lxxx]، لە ساڵی ١٩٧٧ بەدواوە ئەم ڕێکخستنە گەشەی زیاتر کرد و گرنگی پێدرا، شانە و ڕێکخستنی تایبەتی بۆ دروستکرا و گەشەی پێدرا[lxxxi]، ئەمەش دەرئەنجامی بوونی کێشە و ململانێ بوو لە نێوان هەردوو باڵی کۆمەڵە و بزوتنەوە، بەتایبەتی دوای پێکەوەنانی سەرکردایەتی ناو وڵات[lxxxii]، لەم بارەیەوە مەلا بەختیار دەڵێت: "دروستکردنی هێڵی گشتی لەلایەن (مام جەلال)ەوە بۆ ڕاگرتنی باڵانسی هێزبوو لەنێوان کۆمەڵە و بزوتنەوە"[lxxxiii]. دەکرێت، بوترێت دامەزراندنی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان بە هەموو باڵەکانییەوە، جەلال تاڵەبانی ڕۆڵی سەرەکی لە دروستبوونیان بینیوە، زۆرێک لە دەستەی دامەزراندنی یەکێتی و پێکهاتەی یەکێتی لەژێر کاریگەری خۆیدابوون، توانای ئاراستەکردنیانی هەبووە.

**باسی دووەم: بڕیاری خەباتی چەکداری:**

بە هەرەسی شۆڕشی ١٤ ساڵەی ئەیلوول، بۆشاییەکی گەورەی سیاسیی و سەربازیی لە باشووری کوردستان دروستبوو، دەرفەتێکی لەباری بۆ حکومەتی عێراق ڕەخساند، کار بۆ لەناوبردن و تواندنەوەی کورد لە چوارچێوەی سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی بەعسدا بکات[lxxxiv]، لە ماوەیەکی کەمدا زۆرێک لە ناوچەکانی کوردستانی کرد بە سەربازگە، بە جۆرێک زۆربەی ناوچە ستراتیجییەکان و شاخەکانی کوردستانی گرتەوە، بە هەزاران سەربازی بڵاوەپێکرد، لە پێناو جڵەوکردنی خەڵکەکە و دەستبەسەرداگرتنی خاکی باشوری کوردستان[lxxxv]. وێڕای ئەوەی بە هاوبەشی لەگەڵ حکومەتی ئێراندا، وازی لە بنەماڵە و پێشمەرگەکان نەدەهێنا، کە وەک پەنابەر ڕوویان لە ئێران کردبوو[lxxxvi]. حکومەتی عێراق سووربوو لەسەر ئەوەی نابێت کورد بەشداریی لە دەسەڵاتدا بکات، هاوڵاتیبوونیشی۔ لەسەر بنەمای یەکسانی و یاسایی ڕەتدەکردەوە[lxxxvii].

لە ئەنجامی سیاسیەتی توند و ڕەگەزپەرستانەی حکومەتی عێراق دژ بە گەلی کورد لە باشووری کوردستان و هەوڵدان بۆ ڕیشەکێشکردنی نەتەوەی کورد، لە دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلووول بە ماوەیەک، گەلی کورد شۆڕشێکی تری لە باشووری کوردستان دەستپێکرد، کە بە شۆڕشی نوێ ناسرا[lxxxviii]، کۆتایی بە تاکحیزبی هات و چەندین پارت و ڕێکخراو دەرکەوتن، بەمەبەستی دەستپێکردنی شۆڕشی نوێ و سەرکردایەتیکردنی[lxxxix]، جگە لە یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، هەریەکە لە (قیادە موقەتە (سەرکردایەتی کاتی[xc])، پارتی سۆسیالستی کورد_پاسۆک[xci])، دامەزران[xcii].

دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری لە دژی حکومەتی عێراقی لە پاش هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول، لە ئەدەبیاتی حزب و ڕێکخراوەکاندا، جیاواز باسکراون، بەتایبەتی هەردوو حزبی (ي. ن. ك، پ.د.ک)[xciii]، پاش ئەوەی لە شەوی ٢٥/٢٤ی ئایاری ١٩٧٦، (دەستەیەک چەکدار[xciv])، دەیانەوێ لە ناوچەی حاجی ئۆمەران بەرەو (گوندی دۆڵەزەویی) نزیک لە سنووری ئێران بڕۆن، لە ڕێگادا دەکەونە بۆسەی سوپای عێراق، (یەکێکیان شەهید دەبێت، دووانیشیان بریندارەدەبن[xcv] ). ناچار دەبن و ڕوودەکەنە شاخی قەندیل،

مەسعود بارزانی لە بارەیانەوە دەڵێت: " لە کاتژێر چواری بەرەبەیانی ڕۆژی ٢٦ی ئایاری ١٩٧٦، یەکەمین چالاکی پێشمەرگە لە حاجی ئۆمەران ئەنجامدرا، بەداخەوە لەو چالاکییەدا سەید عەبدوڵڵا شەهید دەبێت، هەمووبان ئەندام و پێشمەرگەی پارتی بوون، لە ئێمەوە چەک و یارمەتییان بۆ دابیندەکرا"[xcvi]، لە لایەکی ترەوە جەلال تاڵەبانی وتوویەتی": لەپڕ جوڵانەوەیەک تەقییەوە لە حاجی ئۆمەران، نە پەیوەندییان لەگەڵ ئێمە هەبوو، نە ئاگامان لێیان هەبوو، لەوێ کۆمەڵێک خەڵک وەک حاجی شێخە و عەلی ئاغا و کۆمەڵێک لە خەڵکی ئەو ناوچەیە ڕاپەڕین و دایانە شاخدا، ئەوان یەکسەر پەیوەندییان بە ئێمەوە کرد و هاوارایان بۆ ئێمە هێنا و گوتیان ئێمە بەتەمای ئێوەین و لەگەڵ ئێوە دەبین، بەشێکی زۆریان لە کۆنە جەلالییەکان بوون، هەرچەندە کۆنە مەلاییشیان لەگەڵدا بوو، ئێمەش پەلەمان لە دکتۆر خالید کرد ،گوتمان تۆ زوو ئیلتیحاق بکە و بیانگەرێ و سەرکردایەتییان بکە، با ئەوان لەدەستدەرنەچن، سەد چەکدارێک بوون و لەوێ چەکی خۆیشیان پێبوو"[xcvii]، هەرچەند لە سەرەتاوە پەیوەندیی بە (عومەر دەبابە)وە کراوە بۆ دەستپێکردنەوە خەباتی چەکداری، کە ئەوکات لە فەرمانگەی کشتوکاڵی ڕومادی فەرمانبەر بوو، لەژێر چاودێری حکومەتدا بوو، لە هەمان کاتدا حکومەت داوای لێکردبوو، بچێتە سوریا، چاوی بە جەلال تاڵەبانی بکەوێت، ڕازی بکات بە وازهێنان و گەڕانەوە بۆ عێراق[xcviii].

لە ڕاستیدا ئەو دەستە چەکدارەی لە ٢٤ی ئایاری ١٩٧٦ دەرۆنە شاخ، سەر بە هیچ لە ڕێکخراو و پارتێك نەبوون، پاش هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول دروستبوون، (نە یەکێتی بوون، نە پارتی، نەسەر بە کۆمەڵە)یش بوون[xcix]، بەڵکو دژی داوای حکومەتی عێراق بوون، کە دەیویست لە ناوچەکانی خۆیان ڕایانبگوێزێت، ناچار ڕوودەکەنە شاخ، شەوی دواتر دەستەیەکیان بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی خۆیان دچنە حاجی ئۆمەران، لە ڕێگادا تووشی کەمینی حکومەتی عێراق دەبن، شەڕوپێکدادان لە نێوانیاندا دروستدەبێت[c]. دەتوانین بڵێین ئەم دەستە چەکدارە لە دەرئەنجامی سیاسەتی شوڤێنیی حکومەتی عێراق چەک هەڵدەگرن، بێ ئەوەی سەر بە هیچ لە ڕێکخستنەکانی پارتەکانی پاش هەرەس بن.

دامەزراندنی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، لە پێناو ئەوەدابوو، دووبارە دەست بە خەباتی چەکداری لە دژی حکومەتی عێراق بکاتەوە، سەنگەرەکان دووبارە ئامادەبکرێنەوە، یەک لەشکری ڕزگاریی نیشتیمانی پێکبهێنرێت، خەباتی سیاسی ببوژێتەوە و چەکداربکرێنەوە[ci]، لە سەرەتادا بۆچوونی جیاواز هەبوو، لەسەر ئەوەی ئایا یەکێتی وەک ڕێکخراوێکی سیاسی کاربکات یان ببێتە ڕێکخراوێکی سیاسی- چەکدار؟، عومەر شێخ موس دەڵێت: " لە کاتی بەستنی کۆنگرەی بەرلیندا، گفتوگۆیەکی زۆر دوورودرێژمان کرد سەبارەت بە چەند تەوەرێک بەوەی چ بکەین؟ لە کام پارچەی کوردستان شتێک بکەین، ئایا ئەو حزبە کۆمۆنیستیی کوردستانی بێت؟ یان سوسیالستی بێت؟ یاخود بەرەیەکی فراوانی ناسیونالیست بێت، من ڕام وابوو، کە ئێستا کاتێکی باش نییە بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری لە کوردستانی عێراق، لە کۆبوونەوەکەدا ڕوونمکردەوە بۆچی شۆڕشی چەکداری لە کوردستانی عێراق کاتێکی گونجاو نییە، چەند هۆکارێکم خستەڕوو لەوانە:-

**یەکەم:** خەڵک ورەی ڕوخاوبوو، باوەڕی بە هیچ سەرکردەیەک نەمابوو، لە ڕووی سایکۆلۆجییەوە جەماوەر ئامادە نییە، پشتگیری لە ڕێکخراوێک بکات، کە یەکسەر دوای هەرەس دەست بە خەباتی چەکداری بکاتەوە.

**دووەم:** پێویستە ڕێکخراوێک بێت تەرکیز لەسەر کاری سیاسی و نهێنی بکاتەوە، بۆ ماوەی چەند ساڵێک لە سەر ئەو خەباتە بەردەوام بێت تا جەماوەر لە چەند بواردا ساز و ئامادە بکات، ئینجا دەست بە خەباتی چەکداری بکاتەوە، ئەگەر بمانەوێت شتێک بکەین پێویستە تەرکیز لە سەر کوردستانی ئێران بکەینەوە، لەبەرئەوەی ڕەوشەکە لەوێ باشترە و پشتیوانیی جیهان بە ئاسانی بۆی دەستەبەردەکرێت، هەرچەندە زۆر کەس پشتیوانییان لە بۆچوونەکانم کرد، بەڵام مام جەلال وتی:"نەخێر برادەرانی ڕۆژهەڵاتی ناوین و ناوەوەی کوردستان و ئەوانەی لە ئێران پەناهەندەن ئامادەی دەستپێکردنەوەی شۆڕشن، سوریا و لیبیا و تا ڕادەیکیش سۆڤیەت گفتیان پێداوین، کۆمەک و پشتیوانیمان بکەن"، بۆیە لەسەر ئەوە ساغبوینەوە دەست بە دروستکردنی مەفرەزەی چەکدار بکەینەوە، بە سوود وەرگرتن لە برادەرانی ناوەوە واتا کوردستانی عێراق[cii]، هەر بۆیە سەرکردایەتی بریارئەدەن،١ی حوزیرانی ١٩٧٦، ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان بکەن بە ڕۆژی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری[ciii]، یەکێتی دەبێتە یەکەمین ڕێکخراوی سیاسی پاش هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول بڕیاری دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری بدات[civ]، ئەمەش دەرئەنجامی چەندین فاکتەر و پاڵنەر بوون لە گرنگترینیان، بریتیبوون لە:_

**یەکەم:** بڵاوبوونەوەی زانیاری دەربارەی ئەگەری ڕوودانی کودەتای سەربازی لە نێو سوپای عێراقدا لە ٢٦ی ئابی ١٩٧٦دا[cv]، لەم بارەیەوە عومەری شێخ موس دەڵێت: "یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکانی بڕیاردانی دەستپێکردنی خەباتی چەکداری لەلایەن سەرکردایەتیی (ی.ن.ك)، (قیادة قطر العراق)ی، کە سەر بە باڵی حزبی بەعسی- سوریا بوون، ئەندام بوون لە ڕێکخراوی (توع[cvi])دا، بە مام جەلالیان وتبوو، ڕێکخستنەکانیان لە نێو سوپادا کار دەکەن بۆ ئەوەی لە مانگی ٨ی ١٩٧٦ کودەتایەکی سەربازی ئەنجامبدەن."[cvii]

**دووەم:** هاوکاریکردنی کەرەستەی جەنگی لەلایەن وڵاتانی ( لیبیا، سوریا، فەلەستین)، بە تایبەتی لە ڕووی (چەک) ەوە[cviii] ، ئەمەش هۆکار بوو لە دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری، عومەری شێخموس دەڵێت:" وڵاتانی لیبیا و سوریا ورێکخراوە فەلەستین، ئامادەییان دەربڕیبوو، بۆ هاوکاریکردنمان لە ڕووی چەک و پێویستی جەنگی، چونکە کێشەیان لەگەڵ عێراقدا هەبوو، دەمانویست بەهۆی هاوکارییەکانی ئەوانەوە کار بۆ هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش بکەین، چونکە ئامادەیی ئەوان بۆ هاوکاریکردنمان وا لە یەک ئەدرایەوە ڕەنگە کاتێ بێت، لە ئەگەری باشبوونی پەیوەندییان لە گەڵ عێراقدا، لە هەر کاتێکدا بێت هاوکاریمانەنەکەن"[cix].

**سێیەم:** سەرکردایەتی (ی.ن.ک) پێی وابوو، هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول هەرەسی پارتی دیموکراتی کوردستان/ عێراق بوو، نەک هەرەسی کورد لە باشوری کوردستان، چونکە کورد وەک گەلێک لە ساڵی ١٩٧٤ و ١٩٧٥یش بەدواوە ئامادەی بەرگری بوو، بەڵام سەرکردایەتییە سیاسییەکەی بڕیاری کۆتاییهێنانی بە خەبات دابوو، تێگەیشتن لە ڕۆحییەتی خەڵک، کە خاوەن ڕۆحییەتی درێژەپێدانی خەبات بوو، ئەمەش وایکردبوو بە سەدان کەس چەکەکانیان فڕێنەدەن و ئامادەی خەباتی چەکداری بوون[cx].

**چوارەم:** پاش هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول، حکومەتی عێراق، کەوتە جێبەجێکردنی سیاسەتی پاکتاوکردنی کورد لە باشوری کوردستان، بە ناوی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی، بە قوڵایی ٢٠ کیلۆمەتر لەسەر سنوورەکانی نێوان (عێراق) وڵاتانی (ئێران، تورکیا وسوریا) چۆڵکرد، تەواوی ئەو سنوورانە ناوچەی کوردنشین بوون، وێڕای ئەوەی لە ساڵی ١٩٧٦وەکەوتە جێبەجێکردن و دروستکردنی ئۆردگای زۆرە ملێ، ڕاگوێزانی هەزاران دانیشتوان کورد بۆ ئۆردوگاکان[cxi].

**پێنجەم:** بەرهەڵستیکردنی سیاسەتی بەعس لەلایەن دانیشتوانی ناوچەکانی سەر سنوور، بە تایبەتی ئەو ناوچانەی حکومەتی عێراق دەیویست چوڵبکرێت، ئەمەش وایکرد چەندین خەڵک بچنە شاخەکان و چەک هەڵبگرن، بە تایبەتی دوای چوونە دەرەوەی کۆیخا مەحمەدی مەنگور، ئەمەش وای لە سەرکردایەتیی (ی.ن.ک) کرد، زووتر بڕیاری خەباتی چەکداری بدەن.[cxii]

**شەشەم:** ناسینی ناسنامەی بەعس لەلایەن سەرکردایەتی (ی.ن.ک) وەک خۆی، بەعس خاوەن ئایدۆلۆجییەکی شۆڤێنی بوو، دەزانرا ئەگەر بە زووترین کات سەنگەری بەرگری لە دژی دروستنەبێتەوە، ئەوا دەستدەکات بە جێبەجێکردنی سیاسەتی لەناوبردنی کورد لە باشووری کوردستان، وێڕای ئەوەی دەستپێکردنی خەباتی چەکداری هەندێک لە هاوکێشەکان دەگۆڕێت، تێکەڵ بە هاوکێشەکانی عێراق و ناوچەکە دەبێت، گۆڕانکاری زیاتر لە سوودی کورد دێتەدی.[cxiii]

**حەوتەم:** ڕێکخستنەکانی (کۆمەڵە)، لە ناوخۆی وڵاتدا، ئامادەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری بوون، بەتایبەتی لەکاتی بڕیاری هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول لەلایەن سەرکردایەتی (پ.د.ک) و مەلا مستەفا بارزانی، ئەندامانی کۆمەڵە ناڕازیبوون لە بڕیاری کۆتایی پێهێنانی شۆڕش[cxiv]، ئەمەش دوای ئەوەی جەلال تاڵەبانی، لە ٢٧ی ئازاری١٩٧٥، لە شامەوە بانگەوازی بەردەوامیی شۆڕشی دەکرد، کاریگەریی خۆی هەبوو بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری[cxv]، هەربۆیە داواکاری جەلال تاڵەبانی و ئامادەیی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری، هۆکارێکی بەهێز دەبێت بۆ خێرا دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری لە دژی حکومەتی بەعس لە پاش هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول[cxvi].

لە ساڵانی حەفتاکاندا سوریا مەڵبەندی کۆکردنەوەی هێزە دژەکانی حکومەتی عێراق و چەپەکانی عێراق بوو، یارمەتیدەرێکی باشی هێزە ئۆپۆزسیۆنە عێراقییەکان بوو[cxvii]، هەربۆیە (ی.ن.ک)، سوریای کردە مەڵبەندی خۆی بۆ دەستپێکردنەوەی کار و چالاکییەکانیان[cxviii]، لە١٧ی کانوونی یەکەمی١٩٧٥ یەکەمین کۆبوونەوەی دەستەی دامەزرێنەر بە سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی لە سوریا دەبێت، لە یەکێک لە بڕیارەکانیان بڕیاردەدەن دەستبکەن بە خەباتی(پارتیزانی) لە دژی حکومەتی عێراق[cxix]، لەم بارەیەوە نەوشیروان مستەفا دەنووسێت: "بە مەبەستی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری مام جەلال چەندین کۆبوونەوەی لەگەڵ ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر و ئەفسەر و کادرەکانی تر کردبوو، ڕۆژی ١٩ی ئایاری ١٩٧٦ منیش بە یەکجاری ڤییەننام بە جێهێشت و بە فڕۆکە چوومە شام، بۆ ئەوەی لەو کارەدا بەشداربم، لە زنجیرەی ئەو کۆبوونەوانەدا، ڕۆژی ٢٣-٢٤ی ئایاری ١٩٧٦ کۆبوونەوەیەکی ترمان لە شام کرد، عەلی سنجاری و مونذیر نەقشبەندیش ئامادەبوون، مام جەلال پرۆژەیەکی ئامادەکردبوو، لەم کۆبوونەوەیەدا باسکرا، پاش زیادکردنی هەندێ بابەت پەسەندکرا، هەروەها بڕیاردرا یەکەمین وەجبەی پێشمەرگە ڕەوانەی کوردستان بکرێنەوە و نامە بۆ هەموو ڕێکخستنەکانی ناو وڵات بنێردرێ، کە ئیتر دەستبکەن بە ناردنی مەفرەزەکان بۆ شاخ[cxx]، ئەو پرۆژەیەی لە ١٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٥ جەلال تاڵەبانی ئامادەیکردبوو ناوی لێنابوو (الخطه رزکاری _ نەخشەی ڕزگاری[cxxi]).

نەخشەی ڕزگاری، نەخشەیەک بوو بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری لە کوردستان، جەلال تاڵەبانی لە دیمەشق لە ٢٣ی ئایاری١٩٧٦ پێشکەشی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانی کردووە، تاڵەبانی زۆر بەچڕی تێڕوانینەکانی خۆی لە نەخشەکەدا خستبووەڕوو، خوازیاربووە گوزارشت لەو بیرۆکە بنچینەییە بکات، کە دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری دەشێت ببێت بە دەستپێکی پرۆسەی بە عێراقیکردنی شۆڕش[cxxii]، لە نەخشەکەدا بەوردی چەندین پرسی گرنگ خراوەتەڕوو، بۆ چۆنێتی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری لەو کاتەدا، لە گرنگترینیان بریتیبووە لە:-

یەکەم: پێکهێنانی یەکەی چەکداری بچووک، کە ئەرکیان هوشیارکردنەوەی خەڵک بێت بۆ دژایەتیکردنی حکومەتی عێراق، خۆ لادان لە ڕووبەڕووبوونەوەی شەڕی چەکداری لەگەڵ حکومەت.

دووەم: داواکردن لە سەرکردایەتی ناوەوەی وڵات، بۆ ناردنە دەرەوەی مەفرەزەی چەکدار لەکاتی خۆیدا.

سێیەم: دابینکردنی چەک، کارێکی هەنوکەیی بووە، بە جۆرێک سەرکردایەتی دەرەوە ئەرکیان پەیداکردنی چەک و ناردنەوەی بۆ ناوەوەی وڵات بووە، پێویستبووە سەرکردایەتی ناوەوە حەشارگە ئامادەبکەن، بۆ هەڵگرتنی چەک.

چوارەم:پێکهێنانی فەرماندەیەکی ناوەندیی بۆ بەڕێوەبردنی چالاکیی پێشمەرگە لە هەموو ناوچەکان، دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان پێشمەرگە و فەرماندەکانیان.

پێنجەم: بەگەڕخستنی ئێزگە بۆ بڵاوکردنەوەی دەنگوباسی شۆڕش[cxxiii].

ئەم پرۆژەیە، یەکەمین پرۆژەی نوسراوبوو، بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری لە پاش هەرەسی شۆڕشی

ئەیلوول، لەلایەن جەلال تاڵەبانییەوە ئامادە کرابوو، کرا بە بناغەیەک بۆ چۆنێتی خەباتی چەکداری لەوکاتەدا، بەمەش (ی.ن.ك) بوو بە یەکەمین پارت بە فەرمی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری لە دژی حکومەتی عێراق ڕابگەیەنێت.

لە پێناو دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری جەلال تاڵەبانی چەندین جار لە ڕێگای ناردنی نامەوە پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە دەکات، بە مەبەستی ئەنجامدانی ئەو کارە[cxxiv]، فەرەیدون عەبدولقادر لەم بارەیەوە نووسیویەتی: "پاش دوورخستنەوەمان بۆ شارەکانی خوارووی عێراق، زۆری نەبرد لە ماڵی شەهید (ئەنوەر زۆراب1950-1976)، کۆبوونەوەیەکمان کرد، باسی دامەزراندنی یەکێتیی فروان، کە (مام جەلال)، زۆرجار بە نامە بۆی باسکردبووین، هاوکات مەسەلەی (هەڵگیرسانەوەی شۆڕش)، بوونە باسی سەرەکی کۆبوونەوەکانمان! لە سەر پێشنیاری شەهید(شیهاب) بڕیاردرا بەرنامەیەک دابنێن و بەکردەوە کاری بۆ بکەین، بیرۆکەی بەرنامەکەیش بریتیبوو لە دروستکردنی چەند دەستەیەکی چەکدار، ئەو دەستە چەکدارانە نابێت شەڕبکەن، بەڵکو کاری ڕاگەیاندن بکەن و خۆیان نیشانی خەڵکی ناو دێهاتەکان بدەن و قسەیان بۆ بکەن، کە شۆڕش نەفەوتێت و خەباتی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان بەردەوامە، ئەو دەستانە ناویان (دەستەی پروپاگەندەی چەکدار ) بوو[cxxv] .

جەلال تاڵەبانی نامەکەکانی لە ژێر ناوی خوازراوی (جوتیار و پیرۆت) بۆ ڕێکخستنەکانی (کۆمەڵە و بزوتنەوە) دەنارد[cxxvi]، کە خۆی لەم بارەیەوە وتوویەتی: "لە یادی یەکەمدا، واتا دوای ساڵێک بە سەر دامەزراندنی یەکێتیی نیشتیمانیدا، یەکەم گروپی چەکدارمان گەیاندەوە کوردستان. لەوکاتەدا پەیوەندیمان لەگەڵ ئارام پەیدا کرد، دووجار (جەماڵە ڕەش) هات و نامە و ڕاسپاردەی وڵاتی بۆ هێناین، برادەرانیش لە وڵات کەوتبوونەوە چالاکی و نووسراوەکانی ئێمەیان چاپ و بڵاوکردەوە، خەڵکیان ڕێکخستبوو"[cxxvii]، بەتایبەت دوای دروستکردنی (کۆمیتەی هەرێمەکان[cxxviii])، کۆمەڵە بە سەرکردایەتی (شەهید ئارام) بڕیاری خەباتی چەکداری ئەدات[cxxix]، لەم پێناوەشدا (پەیڕەوی ناوخۆی دەستە چەکدارەکان) ئامادەدەکرێت، وەک ڕێبەر و پەیڕەوێک بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری، تێیدا چەندین پرسی پەیوەندیدار بە شێوازی خەبات و چۆنێتی مامەڵەکردن و پەیوەندی نێوان پێشمەرگە و فەرماندەکانیان و پێشمەرگە و خەڵکدا ڕوونکراوەتەوە، لە کرنگترین خاڵەکانی بریتین لە:-

**یەکەم:** پێویستە دەستە چەکدارەکان لە (٨-١٢) کەس پێکبهێنرێت، هەر دەستەیەک لێپرساوی سەربازی یان فەرماندەی مەفرەزەی هەبێت، لەگەڵ ڕابەری سیاسیی تایبەت بە مەفرەزەکە، هەروەها دەستنیشانکردنی پێشمەرگەیەک بۆ جێگری لێپرساوی سەربازی.

**دووەم:** پەیوەندی نێوان (لێپرساوی سەربازی و ڕابەری سیاسی )دەستەکە دەبێت بە جۆرێک هەردوولا بڕیار لە جێبەجێکردنی کارە گرنگەکانی بدەن، نابێت لایەنی سیاسی پشت گوێ بخرێت، ڕابەری سیاسی بەرپرسیارە لە بەرانبەر کارە سیاسییەکانی نێودەستە و خەڵکیدا، پێویستە ڕابەری سیاسیی ئەرکی بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاری و ڕۆشنبیری پێشمەرگەکان بێت، هەوڵبدات هەموو تاکێکی نەخوێندەوار لە دەستەکە فێری خوێندەواری بکات، لە کاتی شەڕدا فەرمانی لێپرساوی سەربازی جێبەجێ دەکرێت.

**سێیەم:** پێویستە پێشمەرگەکان فەرمانی لێپرساوی سەربازیی بێ چەند و چۆن جێبەجێبکەن، گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بن، لە هەمان کاتدا جیاوازی نییە لە نێوان سەرکردە و پێشمەرگە، نابێت سەرکردە خۆی لە پێشمەرگە جیابکاتەوە لە خواردن و جل و بەرگ و هەموو شتێکی نێو دەستەکە، دەبێت پەیوەندی نێوانیان لە سەر بنەمای هاوڕێیەتی و برایەتی بێت، لە ڕێگای ڕەخنەگرتن لە خۆی و هاوڕێکانی کەموکورتییەکان چاک بکرێت، سەرپێچیکردنی پێشمەرگە لە فەرمانەکانی سەرووی خۆی سزا دەدرێت.

**چوارەم:** بەهۆی خراپی مامەڵەکردنی سەرکردە و پێشمەرگەکانی شۆڕشی پێشوو ((مەبەستیان پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلوولە (توێژەر)) لەگەڵ خەڵکیدا بووە هۆی بێزاری خەڵکی، تا وای لێهات بەڕێزەوە تەماشای ئەو سەرکردە و پێشمەرگانە نەکەن، بۆیە هەموو یەکێکی دەستەکانی ئێمە بە کردەوەی ڕاست ئەوە لە مێشکی خەڵک بسڕنەوە[cxxx].

**پێنجەم:** هاتنی خەڵک بۆ ناو ڕیزەکانی پێشمەرگە، بە مەرج بێت، بەو پێیەی بزوتنەوەکە گوزارشت لە خواست و ئامانجەکانی گەل دەکات، خەڵکێکی زۆر پەیوەندیی بە بزوتنەوەکەوە دەکەن تا ببن بە پێشمەرگە، بۆیە پێویستە هەر کەسێک دەبێت بە پێشمەرگە لەلایەن هەندێ پێشمەرگەوە ناسراوبێت و تەزکییەی بۆ بکرێت، ئەگەر نەناسراو بێت سەیری ڕابردووی بکرێت بۆ دڵنیابوون لێی، ئەگەر ژمارەی پەیوەندیدار لە (٣)کەس زیاتر بوو ، پێویستە لێیان دڵنیابن، لێژنەی سەرکردایەتی دەستەی چەکدارەکان ئاگاداربکرێنەوە، بۆ ئەوەی لە ڕووی ڕێکخستنی سەربازییەوە دابەشبکرێن، بە پێی زیادبوونی ژمارەی پێشمەرگە و بە گوێرەی پێویستی هەر ناوچەیەک دەستەیەکی نوێ دروستدەکرێت[cxxxi].

پەیڕەوی دەستەی چەکدارەکان، دووەمین پرۆژەی نووسراو بوو، بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری لە پاش هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول لە باشووری کوردستان دژ بە حکومەتی عێراق، هەر چەندە لە زۆربەی سەرچاوەکاندا وا باسکراوە ئەم پرۆژەیە لەلایەن (شەهید ئارام) نووسرا بێت [cxxxii]، بەڵام سالار عەزیز دەربارەی نووسینی پەیڕەوی دەستە چەکدارەکان دەڵێت:"پێش ناردنە دەرەوەی مەفرەزەکان بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری لە دژی حکومەتی عێراق، من (سالار عەزیز) و شەهید ئارام و جەمال علی باپیر، پەیڕەوێکمان نووسی بە ناوی (پەیڕەوی دەستە چەکدارەکان)، ئەمەش بە سوودوەرگرتن لە شۆڕشەکانی کورد و شۆڕشەکانی جیهان و بۆ چوونەکانی گیڤارا. بۆ ئەوەی ببێتە کارنامەیەک بۆ پێشمەرگە و شۆڕش"[cxxxiii]، بەڵام ئاوات قارەمانی دەڵێت:" پەیڕەوی دەستە چەکدارەکان لە نووسینەکانی (لین بیاو _ Lin Biao [cxxxiv]) وەرگیرابوو، بیرمە کۆمەڵێک لە نووسینەکانی لین بیاویان هێناو هەندێک دەستکاریيان کرد، هەندێ شتی تریان بۆ زیادکرد، کردیان بە پەیڕەوی دەستە چەکدارەکان"[cxxxv] ،

هەربۆیە دەتوانین بڵێن پەیڕەوی دەستە چەکدارەکان بە سوودوەرگرتن لە شۆڕشەکانی جیهان بە تایبەتی ئەو شۆڕشانەی لە ژێرکاریگەریی بیری چەپ سەریانهەڵدابوو، پاش گونجاندنی لەگەڵ ناوچەکانی کوردستان نووسرابوو، ئەم پەیڕەوە کاریگەری هەبوو لە دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری لە پاش هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول لە دژی حکومەتی عێراق، لە رووی ناوەڕۆک و پرۆگرامەوە جیاواز بوو لە نەخشەی رزگاری، چونکە پەیڕەوی دەستەی چەکدارەکان تایبەت کرابوو بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە، بەڵام نەخشەی رزگاری وەک پەیڕەوێک دانرا بۆ هەموو ڕێکخستنەکانی (ی. ن. ک)، بە هەموو باڵەکانییەوە.

بزوتنەوی سۆسیالیست، کە باڵێکی سەرەکی بوون لەپێکهاتەی (ی.ن.ک)، لە سەرەتای دروستبوونییەوە باوەڕی بە خەباتی چەکدرای نەبوو، پاشان لەناو سەرکردایەتیی بزوتنەوە دوو بۆچوون دروستدەبێت، دەبن بە دوو گروپ، گروپەکان بەم شێوەیە بوون:_

**گروپی یەکەم:** پێیان وابوو هێشتا هەل و مەرجی شۆڕشی چەکداری لەبار نییە، چونکە شۆڕشی کورد تازە لەبارچووە، خەڵک هێشتا نەهاتووەتەوە سەر خۆی، ئەمانە زیاتر خەڵکی سیاسی بوون.

**گروپی دووەم:** زیاتر لە خەڵکی سەربازی پێکهاتبوون، کەسانی سەربازیی دیاری نێو شۆڕشی ئەیلوول بوون، پێیان وابوو حکومەتی عێراق زۆر بەهێزە، تا نەچنە شاخ و شۆڕشی چەکداری دەست پێنەکەنەوە گوێیان لێ ناگیرێت [cxxxvi].

لە ١٥ی تەمموزی ١٩٧٦ لە کۆبوونەوەیەکی سەرکردایەتی بزوتنەوەدا لە (ئوتێل ئەبونەواس)، لە شاری بەغداد بڕیاری چوونە دەرەوە بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری درا[cxxxvii]، لە ٨ی ئابی ١٩٧٦ هەر یەکە لە (د. خالید سەعید، عەلی عەسکەری، عومەر دەبابە، سەید کاکە، سەعدی عەزیز ، تاهیر عەلی والی، سەید کاکە، ڕەسول مامەند و یاسین قادر )، ڕۆیشتنە چیای قەندیل و دەستیان بە خەباتی چەکداری کرد، چوونە دەرەوەی ئەم سەرکردانە لەسەر داوای جەلال تاڵەبانی بوو[cxxxviii]، ناو براو لەم بارەیەوە وتوویەتی:" دوای ئەوەی لە ناوچەی حاجی ئومەران جوڵانەوەیەک تەقییەوە، نامەمان نارد بۆ دکتۆر خالید گوتمان تۆ زوو ئیلتیحاق بکە و بیانگەرێ و سەرکردایەتیان بکە، با ئەوانە لە دەست دەرنەچن، دکتۆر خالیدیش لەو کاتەدا لەگەڵ عومەر دەبابە و عەلی عەسکەری قسەدەکات، عەلی عەسکەری دەڵێ: "من هیچ ئامادەی هاتنە دەرەوە نیم، بەڵام ئەگەر مام جەلال گوتویەتی ، ئەوە لە بەر خاتری ئەو دێمە دەرەوە، چونکە ئەو باشتر لە ئێمە دەزانێت، من لە سەر ئەو ئەساسە دێم، کە ئەو هەواڵی ناردووە"، لە ڕاستیدا من (جەلال تاڵەبانی)، خەبەرم نەناردبوو عەلی عەسکەری بچێتە دەرەوە، بەڵکو تەنها هەواڵم بۆ دکتۆر خالید ناردبوو، بەڵام دکتۆر خالید پێی ووتبوو "مام جەلال گوتوێتی تۆش وەرە دەرێ". هەروەها پەیوەندی بە عومەر دەبابەشەوە دەکەن بێتە دەرێ، ئەویش دەڵێت: "ئێوە هەر دووکتان بڕۆن ئێمەش لەگەڵتانین، وێڕای چەند کادرێکی تریش لەگەڵیان دەبن"[cxxxix]، پاش چوونە دەرەوەی بەشێک لە سەرکردایەیەتیی بزوتنەوە، ژمارەی پێشمەرگە زۆربوو، بە خێرایی گەشەیکرد، ئەمەش دەر ئەنجامی رۆڵی (د.خالید سەعید) بووە[cxl]، تەواوی هێزەکانی بزوتنەوە لە شاخ لە لایەن (عەلی عەسکەری) سەرپەرشتی دەکران[cxli].

دەتوانین بڵێن بڕیاری دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری لە دژی حکومەتی عێراق، لەلایەن (کۆمەڵە و بزوتنەوەی سۆسیالست)، لەسەر داوای جەلال تاڵەبانی بووە، ئەویش پاش ناردنی نامە بۆ هەر یەک لە شەهید ئارام و دکتۆر خالید سەعید، هەندێک لە سەرکردەکانی تری بزوتنەوە لەوانە( عەلی عەسکەری)، بەڵام نامەکان لە ناوەڕۆکدا جیاوازبوون، لە هۆکارەکان بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری، ئەو نامانەی بۆ سەرکردایەتی بزوتنەوە نێردرابوون، وێڕای چوونە دەرەوەی کۆمەڵێک خەڵک لە ناوچەی حاجی ئومەران بۆ شاخی قەندیل، لەسەر بنەمای ئەگەری ڕوودانی کودەتای سەربازی بووە، لە نێو ڕێکخستنەکانی سوپای عێراقدا لە مانگی ئابی ١٩٧٦دا، هەر بۆیە داوایکردبوو هێزێک ئامادەبکەن، لە ئەگەری سەرکەوتنی کودەتاکە وەک هێزێک بناسرێن، گفتوگۆ ئەنجامبدەن، بەڵام ناوەڕۆکی نامەکانی کۆمەڵە، لەسەر بوونی حزبی پێشڕەو و بەردەوامی خەباتی چەکداری، داوای چوونە دەرەوەی لە ئەندامانی کۆمەڵە کردبوو[cxlii]، هەر ئەمەش وایکرد دوو بۆچوونی جیاواز دەربارەی پێکهێنانی هێزی پێشمەرگە و دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری دروستببێت، ئەوانیش بریتیبوون لە :_

**یەکەم:** دروستکردنی دەستەی چەکداری بچووک بچووک، کە ئەرکی سەرەکیی هوشیارکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵک بێت، خۆی لە شەڕ و پێکدادانی سەربازی بپارێزێت و بایەخ بە کاری سیاسی لەناو جوتیاران بدات و پەلە نەکرێت لە چەندایەتی ژمارەی پێشمەرگە، (شەهید ئارام) سەرکردایەتی ئەم بۆچوونەوی دەکرد.

**دووەم:** عەلی عەسکەری سەرکردایەتی بۆچوونی دووەمی دەکرد، پێی وابوو، دەتوانرێ سەرلەنوێ دامودەزگاکانی بزوتنەوەی چەکداری پێشوو، مەبەست لێی شۆڕشی ئەیلوول بوو، ببوژێنێتەوە، درێژە بە خەباتی چەکداری بدەن، خۆپێشاندانێکی چەکدارانە ئەنجامبدەن، بۆ ئەوەی حکومەتی عێراق ناچاربێت گفتوگۆیان لەگەڵ ئەنجام بدات، هەر بۆیە هەوڵی دەدا لە کورترین ماوەدا، ژمارەیەکی زۆری چەکدار لە خۆی کۆبکاتەوە، بێ ئەوەی گوێ بە چۆنێتی و شێوەی ڕێکخستن و پەروەردەکردنی سیاسیان بدرێت[cxliii].

جیاوازی بۆچوونەکانی نێو باڵەکانی (ی.ن.ک)، بە تایبەتی (کۆمەڵە، بزوتنەوەی سۆسیالست)، سەبارەت بە چۆنێتی و چەندایەتی هێزی پێشمەرگە، هەر لە سەرەتاوە بووە هۆی دەرکەوتنی ململانێ و جیاوازییەکی زۆر، سەرەڕای بوونی جیاوازییان سەبارەت بە چۆنێتی مامەڵەکردن لە حکومەتی عێراق، هەروەها ئەو بارودۆخەی سەرکردایەتی (ی.ن.ک) تێیدا بڕیاری خەباتی چەکداری دابوو، زۆر لە بارنەبوو، ئەمەش بە هۆی چەندین هۆکار بوو، لەوانە:_

**یەکەم:** نائومێدیی خەڵک، بە هۆی هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول، نائومێدی خەڵکی گرتبووەوە، باوەڕیان نەدەکرد جارێکی تر شۆڕش دەستپێبکاتەوە، یا ئەگەر دەستپێبکاتەوە چارەنوسی

لەوەی شـۆڕشی ئەیلوول باشـتر نابێت، هەربۆیە خەڵکێکی زۆر هاوکاری دەزگا ئەمنییەکانی حکومەتی عێراقیان کرد[cxliv].

**دووەم:** (ئێران) بە هەموو شێوەیەک لە دژی دەستپێکردنەوەی شـــۆڕش لە دژی عێراق دەوەســـتایەوە، چونکە شـــای ئێران ســـەرکەوتنی کوردی لە باشـــووری کوردســـتان، بە مەترسی بۆ ســـەر یەک پارچەیی خاکی ئێران دەزانی، بە پێی ڕێککەوتنامەی (جەزائیر)، ئێران هەموو هاوکارییەکی عێراقی دەکرد، هەر دوولا کۆکبوون جارێکی تر شۆڕشی کورد سەر هەڵنەداتەوە[cxlv].

**ســـێیەم:** پێکهـاتەی (ی.ن.ك) بە هەموو بـاڵەیەکـانییەوە، هەمـوویـان هـاوڕانەبـوون لە دەســـتـپـێـکـردنەوەی خەبـاتی چەکـداری، بە تـایبەتی لە نێو بـاڵاکـانی(کۆمەڵە) و(بزوتنەوەی ســـۆســـیالســـت)، ئەمەش وایکردبوو جۆرێک لە پشـــتیوانی و کۆدەنگی ســـەبارەت بە دەســـتپێکردنەوەی خەباتی چەکداری بەدەســـتنەهێنن، ســـەرەڕای ئـەوەی جـۆری بیرکردنەوە و کارکردنیان جیاوازبوو[cxlvi].

**چوارەم:** کێشـە و ململانێی نێو خۆی حزب و ڕێکخراوەکان، کە دوای هەرەسی شـــۆڕشی ئەیلوول دروســـتبوون، بە تـایبەتی (ی.ن.ك) و (ق. م)، لەم بـارەیەوە نەوشـــیروان مســـتەفـا نووســـیویـەتی: "ئـاشـــبەتـاڵ ڕیزەکـانی جوڵانەوەی کوردی لێکترازانـدبوو، یەکێتی ســـەرکردایەتی، یەکێتی ڕێکخســـتن، یەکێتی بەرنـامە لە جوڵانەوەی کوردی عێراقـدا نەمـابوو. (ی.ن.ك) لە ســـوریا و (قم) لە ئێران کەوتبوونە جموجۆڵ. ئەم دوو ڕێکخراوە بە ئەنـدازەیەک لەگەڵ یەک نـاکۆکبوون، هەر یەکەیان ئەیویســـت ئەوی تر لەناوببات، ئەم ناکۆکییە ڕەنگی دابـووە هەم لە ڕیـزەکـانی مەفـرەزە چەکـدارەکـان، هەمـیش جموجوڵی ســـیاسی، ئەم دوو لایەنە لە ناوەوە و دەرەوە[cxlvii]، وێڕای بەســـتنی ســـنووری نێوان (تورکیا، باشـوری کوردســـتان)، بەهۆی عەشیرەتە کوردییەکانی سەر سنوور، بەهۆی لایەنگریان بۆ (قیادە موقەتە)[cxlviii] .

**پێنجەم:** نەبوونی توانای سەرکردایەتیی جوڵانەوەکە، ئاستەنگ بوو بۆ دەســـتپێکردنەوە خەباتی چەکداری، چونکە باشـــترین فەرمـانـدەکـانی شـــۆڕشی ئەیلوول لە پـاش هەرەس خۆیـان ڕادەســـتکردبوو، هەروەها (ی.ن.ك) خاوەنی ئابووریەکی بەهێز نەبوو، تا بتوانێت پێداویستییەکانی پێشمەرگە دابینبکات، ئەمە لە کاتێکدا بوو، بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لە ناوەڕاستی حەفتـاکـانی ســـەدەی ڕابردوودا، عێراق توانیبووی چەک و تەقەمەنی پێشکەوتوو بکڕێت، پێشمەرگەیش خاوەن ژمارەیەکی کەم لە چەکی سوک بوون[cxlix].

## ئەنجام

**یەکەم:** شـکسـتی شـۆڕشی ئەیلوول، بۆشـاییەکی سـیاسی لە باشـــووری کوردســـتان دروســـتکرد، ئەویش هۆکارێك بوو حکومەتی عێراق سـیاسـەتی خۆی پیادە بکات، کە زیاتر بریتیبوو لە هەوڵدان بۆ توانەوەی کورد لە بۆتەی سیاسیەتی بەعسدا.

**دووەم:** هەرەسی شـۆڕشی ئەیلوول، هۆکارێك بوو بۆ دەرکەوتنی ســـەردەمێکی نویێ لە خەباتی ڕزگاریخوازیی کورد لە باشـــوری کوردســـتان، کە زیاتر بە ســـەردەمی فرە-حیزبی ناسراوە، لە گرنگترین ئەو حیزبانەش بریتیبون لە (یەکێتی نیشـــتیمانیی کوردســـتان)، (قیادە موقەتە) و (پارتی ســـۆســـیالســـتی کورد_ پاسۆك).

**ســێیەم:** دامەزرانی یەکێتی نیشـتیمانیی کوردسـتان، لە لایەن (جەلال تاڵەبانی)ــەوە وەك حیزبێکی نیمچە بەرەیی لە باشووری کوردســـتان، کە پێکهاتبوو لە سێ باڵی ســـەرەکی، ئەوانیش ( کۆمـەڵـەی مـارکسی_ لینینی کوردســـتـان) و (بزوتنـەوەی ســۆســیالســتی کوردســتان) و ( خەتی گشــتی)، بە مەبەســتی پڕکردنەوەی ئەو بۆشـــاییە ســـیاســـییە بوو، کە پاش هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول دروستبوون.

**چوارەم:** یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، یەکەم حزب بووە لە پاش هەرەسی شـــۆڕشی ئەیلوول، بڕیاری خەباتی چەکداریی داوە، ئەمەش ئەنجامی چەندین هۆکار و ئامادەکارییەکانی ڕێکخستنەکانی یەکیتی نیشتیمانیی کوردستان بووە.

**پێنجەم:** نەخشـــەی ڕزگاری لە ٢٣ی ئایاری ١٩٧٦ لە لایەن جەلال تاڵەبانییەوە لە دیمەشـــق پێشـــکەش بە دەســـتەی دامەزرێنەری یەکیتی نیشـــتیمانیی کوردســـتان دەکرێت، بۆ دەسـتپێکردنەوەی خەباتی چەکداری، دەبێتە یەکەمین پرۆژەی نووسراو لە پاش هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول.

**شـــەشـــەم:** پەیڕەوی لێژنەی دەســـتە چکدارەکان، لەلایەن بەشێك لە سەرکردایەتیی کۆمەڵەی مارکسی لینینیی کوردستان، وەك دووەم پرۆژە بە پشـتبەسـتن بە شـــۆڕشـــەکانی جیهان و ناوچەکە و نووســـینەکانی لین بیاو، ئامادەدەکرێت، تایبەت دەکریت بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی مارکسی لینیی کوردستان لەو کاتەدا، ئەمەیش ڕۆڵی بەرچاوی گێڕاوە لە ئامادەکارییەکان بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری.

---

[i] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی هۆکاری بەستن و ناوەڕۆکی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ بڕوانە: فەریدن عەبدولڕەحیم عەبدوڵلا :بارودۆخی

ئەوانیش بریتیبوون لە ١_ بوون بە پەنابەر لە ئێران ٢_ خوبەدەستدانەوە بە حکومەتی عێراق ٣_ شەڕکردن لەگەڵ عێراق بەبێ پشتیوانی ئێران؛ دوای گەڕانەوەی شاندەکە لە ١٣ی ئازاری هەمان ساڵدا، سازدانی چەندین کۆبوونەوە لە ڕۆژانی ١٤و ١٥ی ئازاری ١٩٧٥، سەرئەنجام لە 19ی ئازاری ١٩٧٥دا فەرمانی چەکدانان بۆ هەموو هێزەکانی پێشمەرگە نێدرا، کۆتاییهاتن بە شۆڕشی ئەیلوول ڕاگەیەنرا. (بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: موحسین دزەیی: وێستگەکانی ژیانم، بەشی دووەم، و/ ئیسماعیل بەرزنجی، چ١، چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩، ل؛ د.حامد محمود عیسى، المشكلة الكردية، في الشرق الاوسط منذ بدايتها حتى ١٩٩١، مطبعة أطلس، مكتبة مدبولى، مصر، ١٩٩٢، ص ٣٣٨_٣٣٩؛ نازناز عبدولقادر: سیاسەتی ئێران بەرامبەر بە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد لە کوردستانی عێراق ١٩٦١_ ١٩٧٥،چ٢، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠، ل٢٣١_٢٣٢؛ کریس کۆچێرا: کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستدا، و/ حەمە کەریم عارف، چ٢، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٩٩٤، ل٥٠٧).

[ix] فایز الخفاجي: الرصاص السياسى في العراق/ اشهر الاغتيالات السياسية فى العراق (١٩٢١_٢٠٠٣) ط١، دار قناديل لنشر والتوزيع، بغداد، ٢٠١٨، ص٥٠.

[x] مسعود بارزانی: بۆ مێژوو، چ١، چاپخانەی ڕۆکسانا، هەولێر، ٢٠٢٠، ل٣٨؛ ئاڵای سووری کوردایەتی، سەروتار، ژ٨، ئەیلوولی ١٩٨١، ل١-٢؛ لوقا زودو، م، س، ص٨٧_٩٢.

[xi] فایز الخفاجي: م، س، ص٥٠.

[xii] ئازاد عوبێد ساڵح: کاریگەریی شۆڕشی ئەیلوول لەسەر ڕۆژنامەوانیی کورد ١٩٦١-١٩٧٥،چ١، چاپخانەی ڕۆشنبیر، هەولێر، ٢٠٠٧، ل١٨٩؛ پارتی دیموکراتی کوردستان، کۆمیتەی ئامادەکردن، هەڵسەنگاندنی ڕەوشی هەرەسهێنانی شۆڕشی کورد (دەرس و پەندەکانی)، لە بڵاوکراوەکانی ئاڵای ئازادی-١٩٩٨، ل٦٤؛ بێ ناوی نووسەر: ئاش بەتاڵ، بیرەوەرییەکی تاڵ بەڵام پڕ تەجروبەی هێژا، گۆڤاری (کۆمەڵە) ژ٤، بەهاری ١٩٧٩، ل٢.

[xiii] دیڤید ماکداوڵ: مێژووی هاوچەرخی کورد، و/ ئەبوبەکر خۆشناو، چ٢، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٥٦٣.

[xiv] ئۆفرا بینگیۆ: کوردی عێراق بنیاتنانی دەوڵەتێک لەناو دەوڵەتدا، و/ سۆران مستەفا کوردی، چ١، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٣، ل١٦٠.

[xv]وریا ر{ةحمانی: شۆڕشی ئەیلوول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا، چ١، چاپخانەی تاران، ئێران، ٢٠١٣، ل٦٤٨_٦٥٠؛ کوردستانی نوێ: ڕاگەیاندنی شۆڕش و بزوتنەوەی شیعری کوردیی 1975-1991 دوو کۆڵەکەی سەرەکی بوون لە شۆڕشی نوێدا، خوێندنەوە و ئامادەکردنی: سالار یاسین، ساڵی هەشتەم، ژ(2043)، پێنج شەممە، شەممە، 2000/1/6،ل7.

[xvi] ئەمین قادر مینە: ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێکۆچکەی بەعسییان (تەرحیل، تعریب، تەبعیس)، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای هوشیاری و پێگەیاندنی کادیرانی (ی. ن.ک)، سلێمانی، ٢٠١٢، ل ٢٤٣؛ فەرید ئەسەسەرد: بە عەرەبکردن و بە جولەکەکردن، گۆڤاری (سەنتەری لێکۆڵینەوە و ستراتیجی کوردستان)، ژ٤٦ سلێمانی، مایسی ٢٠٠٥، ل١٠-١٢.

[xvii] ئیبراهیم جەلال: باشووری کوردستان و شۆڕشی ئەیلوول، بنیاتنان و هەڵتەکاندن ١٩٦١_١٩٧٥، چ٤، ب، ش، چ،٢٠٢١، ل ٤٦٣_٤٦٥؛ مەسعود بارزانی، بۆ مێژوو، ل٤١؛ شاسوار: الصفحات من حرب الابادة الجماعية ضد شعب الكردي فى العراق، گۆڤاری سۆسیالست، ژ١٧، ساڵی نۆیەم، تشرینی یەکەمی ١٩٩٠، ل٢٧_٢٨.

سیاسی کوردستان – عێراق ١١ی مارتی ١٩٧٠_١١ی مارتی ١٩٧٤، چ١، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ٧٧_٩٣؛ ل ١٩٥_٢١٨.

[ii] زانا فەقێ، پارتی سۆسیالستی کورد – پاسۆک (١٩٧٥_١٩٩١)،چ١، ب،ش،چ، ٢٠١٨، ل٨٥؛ پارتی دیموکراتی کوردستان/ کۆمیتەی ئامادەکردن، هەڵسەنگاندنی ڕەوش و هەرەسهێنانی شۆڕشی کورد (دەرس و پەندەکانی)، لە بڵاوکراوەکانی ئاڵای ئازادی، ل١٩.

[iii] عمر حاجي على ڕەزا زەنگەنە:لە بیرم دێ ژانەکانی کورد و شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١، چ١، چاپخانەی ئارابخا، کەرکووک، ٢٠٠٨، ل ل١٣٢_١٣٥؛ د. گوینەر دێشنەر: کورد گەلێکی لەخشتەبراوی غەدرلێکراو، و/ حەمە کەریم عارف، چ٣، چاپخانەی کەمال، هەولێر، ٢٠١٤، ل٤٦٠؛ زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی، چ١، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی، ب،س،چ، ل٤٧٢.

[iv] ژێراد چالیاند:گەلێکی پەژموده و نیشتیمانێکی پەرت، سوید، ١٩٩٨، ل٣٠٥؛ کورد گەلی خۆخۆری بەشخوراو، و: بەرزانی مەلا تەها، چ١، چاپخانەی سایە، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ٢٤١؛ د. گوینەر دێشنەر: س،پ، ل٤٦١.

[v] نەجمەددین عەبدوڵلا ئیسماعیل: هەولێر لە نێوان ١٩٧٠_١٩٧٩، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر،٢٠١٦،ل١٤٥؛ صوت الثورة، الجريدة، عدد ٢، ٢٧ی نیسانی ١٩٧٤؛ یوونس ڕۆژ بەیانی: بەردەوام بوون یان سەرهەڵدانەوەی شۆڕش؟، ڕۆژنامەی (برایەتی)، ژ١٦٥٥، ١٩٩٣/٥/٢٧، ل٣.

[vi] هەردی مهدی میکە، ئەژی ئازاد ئەبوبکر:جوڵانەوەی سیاسی لەپەیوەندییەکانی دەوڵەتی ئێراندا (١٩٦٨_١٩٧٥)، مجلة الدراسات السياسية والأمنية، المجلد (الأول) االعدد (صفر)، اذار ٢٠١٨، ص١٢١.

[vii] ڕێککەوتنامەی جەزائیر: لە چوار خاڵی سەرەکی و پێشەکییەک و پاشەکییەکی کورت پێکهاتووە، تایبەت بووە، بە ڕێککەوتنی ئاسایش و سنووری و ئاوی و وشکانی، هەرچەندە بە هیچ شێوەیەک ڕاستەوخۆ ناوی کورد و کوردستانی تێدا نەهێنراوە، بەڵام لە خاڵی سێیەمدا هاتووە: ( لە سەر هەر دوولایە ئاسایش و متمانە بگەڕێننەوە بۆ یەکتری لە پێناو چارەسەرکردنی کۆتایی بۆ هەموو سنوور بەزاندنێک، کە مەبەستی کاری تێکدەرانە لە هەر لایەکەوە بێت، ئەنجام بدرێت و پابەندبن بە دانانی چاودێری توند و کاریگەر لە سەرسنووری هاوبەش)، لەم خاڵدا مەبەستیان ناوچەکانی کوردستان و کوردە، (بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ڕێککەوتنامەی جەزائیر بڕوانە: کامەران جەمال بابازادە: ڕێککەوتنامەی جەزائیر و ڕەهەندەکانی لە سەر کێشەی کورد لە کوردستانی باشوور، چ١، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠١٣، ل١١٧_١٢٥؛ لوقا زودو: اتفاق الجزائر، ط١، لبنان، ١٩٧٥، ص ٢٥_٣٦؛ ئارەش ڕەئیسنەژاد: شای ئێران: کوردی عێراق و شیعەی لوبنان، و/ شەفیق حاجی خدر، چ١، چاپخانەی ڕوژهەڵات، هەولێر، ٢٠٢٠، ل٣٨٣؛ أ.م شاهين سهام عبدالرزاق: اتفاقية الجزائر بين العراق و ايران عام ١٩٧٥، كلية التربية المقداد، جامعة ديالى، ص٣٤٨).

[viii] گەراس ئار، ڤی، ستانسفیلد: کوردستانی عێراق، پەرەسەندنی سیاسی و پێشکەوتنی دیموکراسی، و/ لەئینگلیزییەوە پ.ی.د یاسین سەردەشتی، چ١، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠١٠، ل١٨٦؛ بێ ناوی نوسەر: بۆچی ڕێککەوتنامەی جەزائیر لە نێوان عێراق و ئێراندا هەڵوەشایەوە، دارالحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨١، ل٥٥.

[ix] لە ١١ی ئازاری ١٩٧٥ شاندێکی کوردی بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفا بارزانی، بە ئەندامێتی هەریەک لە (مەحمود عوسمان، شەفیق قەزاز، موحسین دزەیی) سەردانی ئێرانیانکرد، لە١٢ی ئازاری هەمان ساڵدا چاویان بەشای ئێران کەوت، شا سێ پێشنیازی خستە بەردەمیان

[xxvii] وەرگیراوە لە: د. فواد مەعسوم، یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان.. سەرەتاکان، گۆڤاری رێبازی نوێ، ژ(١٩)، تایبەت بە ٢٥ ساڵ خەبات و سەروەری (ی.ن.ک)، ل٣٤_٣٥.

[xxviii] پشکۆیەک لەخۆڵەمێشدا، بەشێکی گرنگ لە ژیاننامەی هۆمەر شێخمووس، ئامادەکردنی: نەوزاد عەلی ئەحمەد، چ٢، چاپخانەی کار، سلێمانی ٢٠١٨، ل٩٥.

[xxix] د. کەمال فواد: یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان.. سەرەتاکانی دامەزراندن و دەستپێکردنەوەی شۆڕش دەگێڕێتەوە، گۆڤاری رێبازی نوێ، ژ(١٩)، تایبەت بە ٢٥ ساڵ خەبات و سەروەری (ی.ن.ک)، ل٢٥.

[xxx] لە نامەکەدا، چەندین داواکاری ئاراستەکراوە لەوانە:_

١/ رۆژانی ١٦_١٩ی ئایار ١٩٧٥، دیاریدەکرێت بۆ کۆبوونەوە.

٢/ لە هەر وڵاتێکەوە ١_٢ کەس ئامادەبن.

٣/ بەرلیی رۆژئاوا دەستنیشانکرا بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەکە.

٤/ نابێ نامەکە بەکەسی تر بدرێت، جگە لەوانەی جێگای متمانەن، دەبێت بیگەڕێننەوە لەکاتی هاتنیان بۆ کۆبوونەوەکە. (بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ناوەرۆکی نامەکە بڕوانە: یوسف محەمەد بەرزنجی: یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لە کۆمەڵێ بەڵگەنامەی ساڵی 1975-1983، کتێوی یەکەم، چ1، ب1، چاپخانەی کارۆ، 2017، ل87.).

[xxxi] سەبارەت ناوی بەشێک لەو کەسانەی بەشداربوون لە کۆبوونەوەکەدا بڕوانە: سەرەوەر عبدولرحمان عومەر: یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان، ل٧٥.

[xxxii] وەرگیراوە لە: د. کەمال فواد: س، پ، ل٢٦.

[xxxiii] پشکۆیەک لە خۆڵەمێشدا، ل ٩٦_٩٩.

[xxxiv] نامەی (عادل موراد) بۆ رێبازی نوێ، دەستنووس، ل ٣؛ ئەرشیفی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان، مام جەلال باس لە دامەزیرانی یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان دەکات، ١٩٨٣؛ عەبدولرەزاق عەزیز میرزا (فەیلی): بیرەوەرییەکی بچوک بۆ یادی دامەزراندنی ی. ن. ک، کوردستانی نوێ، ژ٣٦٨٦، ساڵی چواردەهەم، چوارشەممە، ٢٠٠٥/٦/١، ل٦؛ هێدی گەلاڵێ: ی. ن. ک، مێژوویەک لە خەباتی نەسرەوتن، کوردستانی نوێ، ژ٣٦٨٧، ساڵی چواردەهەم، پێنجشەممە، ٢٠٠٥/٦/٢، ل٨.

[xxxv] ئەو بەشەی بۆ بەیاننامەکە زیادکرابوو بریتیبوو لە (دامەزراندنی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، وەڵامدانەوەی بڕیاری وازهێنان لە شۆڕشی کوردە، بۆیە داوا لە هەموو خەباتگێڕانی گەلەکەمان دەکەین، کە پشتیوانی ئەم رێکخراوە نوێیە بکەن و درێژە بەخەباتیان بدەن لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد)، وەرگیراوە لە: د. کەمال فواد، س، پ ، ل٢٦؛ پشکۆیەک لە خۆڵەمێشدا، ل٩٧؛ بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتی یشتیمانی کوردستان، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: سەروەر عەبدولرحمان : یەکێتی نیشتیمانی کوردستان... 232-234.

[xxxvi] پاش دەستکاریکردنی بەیاننامە، دەقی کۆتایی بەیاننامەکە لە ٣٠ی مایسی ١٩٧٥ بە دەستوخەتی جەلال تاڵەبانی دەنوسرێت، لە هەمان رۆژدا لەلایەن (د. کمال خۆشناو) تایپدەکرێت، لە سەر کاغەزی رەنگی پەمەیی چاپدەکرێت، وەک هێمایەک بۆ میلە و چەپی یەکێتی، لە ١ی حوزەیرانی ١٩٧٥ لە ئەوروپا بڵاودەکرێتەوە. (وەرگیراوە لە // کوردستانی نوێ: د. کمال فواد، سەرەتاکانی دامەزراندن و بەسەرهاتی یەکەمین بەیاننامە دەگێڕێتەوە، ئامادەکردنی: ستران عبداللە، ژ١٣٠٦، سێ شەممە، ١٩٩٦/٦/١١، ل٣).

[xxxvii] هەواڵنامەی شۆڕش، یادی چوار ساڵەی شۆڕشی نوێ پیرۆزبێت، ژمارە (٨)، کۆتایی ئایاری ١٩٨٠، ل٣.

[xviii] جیراد شالیان: الماساة الكردیه، ت/ عبدالسلام النقشبندی، مطبعة مؤسسة ئاراس، دار ئارس للطبعة والنشر، اربیل، ب، س، ط1، ص١٢٦؛ شۆڕش حاجی: تەعریبی کەرکووک، سیاسەتی تەعریب لە دووتوێی هەشتا بەڵگەنامەدا، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٢٤_٢٦.

[xix] د.عەلی تەتەر نێرەوی: بزاڤی رزگاریخوازیی نەتەوەی کورد لە کوردستانی عێراق لە ساڵەکانی جەنگی عێراق و ئێراندا، چ١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٣١.

[xx] د. دلێر ئەحمەد: ئەو باردۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی (ی.ن.ک)ی تێدا لەدایکبوو، گۆڤاری رێبازی نوێ، ژ ١٩، ل١٥.

[xxi] زانا فەقێ، پارتی سۆسیالستی کورد_ پاسۆک، ل ٩٢؛ بێ ناوی نوسەر، رازێکی کوردانە، شۆڕشی سەخت، گۆڤاری ئاڵای سوری کوردایەتی، ژ٨، ئەیلوولی ١٩٨١، ل١٠_١١؛ مەلا بەختیار: یەکێتی،، لە چ دۆخێکدا دامەزرا و چۆن شۆڕشی بەرپاکرد؟، کوردستانی نوێ، ژ(2770)، ساڵی یانزەیەم، شەممە، 2002/6/1، ل6؛ مامۆستا ئەحمەد ساڵح: لە یادی شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا، چاوپێکەوتن: دارا عومەر حەمە، کوردستانی نوێ، ساڵی دەهەم، ژ(2466)، چوارشەمە، 2001/5/30، ل6.

[xxii] بێستون ئازاد مستەفا: شەهیدی سەرکردە (ئازاد مستەفا)، لەدوو توێی نووسینەکانیدا، ب،چ، چاپخانەی ڕوون، ب،ش،چ، ٢٠١٣، ل١٢٩؛ محسن حسن: یەکیتی ی نیشتیمانی ی کوردستان گۆڕینی تێکشکانی سایکۆلۆژی ئینسانی کورد بۆ شۆڕش، کوردستانی نوێ، ساڵی دووەم، ژ(403)، سێ شەممە، 1993/6/1، ل3.

[xxiii] سەبارەت بە ناولێنانی حزب بە ناوی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، جەلال تاڵەبانی دەڵێت: ناوەکەم بە (الاتحاد الوطنی الکوردستانی) ناونابوو، تەنیا کەسێ پرسم پێکرد لەسەر تەرجومەی ناوەکە بۆ کوردی (مامۆستا ئیبرایم ئەحمەد)بوو، ئەویش وتی دەبێتە (یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان) پاشان منیش بە بردەرانم وت، هەموویان لایان پەسەندبوو. (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: مام جەلال، دیداری تەمەن لە لاوێتییەوە بۆ کۆشکی کۆمار، ئامادەکردنی سەڵاح رەشید، ب٢، چ٢، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٧، ل٣٦_٣٧).

[xxiv] سالار أوسی: جلال طالبانی (احداث و مواقف)، ط٢، دارالینابیع، دمشق، ٢٠٠٨، ص١٠٦؛ د. خالد یونس خالد: الزعیم الزطنی کوردستانی جلال الطالبانی (قائد و فكر و عصر)، ط٢، منشورات مكتب الفكر والتوعیة في الاتحاد الوطني الكردستاني، ٢٠٠٥، ص١٣؛ مدیریة الأمن العامة/مدیریة أمن محاضة بغداد، دلیل ضابط الأمن، ص١٠٧؛ جنكیز تشاندار: قطار الرافیدین السریع، رحلة في التاریخ (تركیا – الكورد – الشرق ألأوسط – الغرب)، ت: عبداقادر عبداللە، ط١، الدار العلوم ناشرون، بیروت، ٢٠١٤، ص٥٧؛ مایكل ایم غینتر: كورد العراق ألام و امال، ت: عبدلسلام محمد رؤوف النقشبندي، دار أراس لطبعة والنشر، ط١، أربیل، ٢٠١٢، ص٥٧.

(xxv) ئاش بەتاڵ: ئەم وشەیە لەوە سەرچاوەی گرتووە، جاران لە کوردستاندا، بە چەند دێیەک ئاشێکیان هەبوو، جاران کە ئاش کۆتاییدەهات، دەیانویست ئاش داخەن، ئاشەوان دەچوە دەرێ، ئەو لادێیانەی لە دوورەوە بە خۆیان و باراشەوە گەیشتبوونە ئاش، هاواریاندەکرد ئاش بەتاڵ، واتە برۆنەوە کار تەواو. ( بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: کامەران قەرەداخی: دوو جەنگی کەنداو، کورد لەسەر شانۆی جیهانیدا ١٩٧٩_١٩٩٢، گەلێکی پەژموردە و نیشتیمانی پەرت (کورد و کوردستان)، و/ حەوێزی، ب،چسوید، ١٩٩٨، ل٣٩٥).

[xxvi] وەرگیراوە لە: دیداری، ب٢، ل٢٩_٣٠.

[xxxviii] له ٢٢ی ئایاری ١٩٧٥دا دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە وڵاتانی سوریا و لوبنان و مصر و هەندێ شوێنی تر بڵاویانکردەوە، پاشان لە ١٩٧٥/٦/١ لە ئەوروپا بڵاوکرایەوە. (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: سەرەوەر عبدولرحمان عومەر: یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان، ل٧٤_٧٦؛ دیداری تەمەن، ب٢، ل٣٢)

[xxxix] عادل موراد: چۆنێتی دامەزراندنی یەکێتی بۆ (ڕێبازی نوێ) دەگێڕێتەوە، ژ(١٢)، ئەیلوول، ١٩٩٨، ل٧٨_٧٩؛ د. کەمال فواد: س، پ، ل٢٤_٢٥.

[xl] مەلا بەختیار: لەبری بیرەوەری، چ١، چاپخانەی تاران، ئێران، ٢٠٢٠، ل٤٦.

[xli] سروە قادر اسماعیل: ئەزموونی کاری بەرەیی لە کوردستان_عێراق، توێژینەوەیەکی مێژوویی _سیاسییە، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٨، ل١٤_١٥؛ محەمەد فاتیح: حزب و ڕێکخراوە سیاسییە عێراقییەکان ١٩١٠_٢٠١٠، ئەکادیمیای هوشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی،٢٠١٢، ل١٥٧؛ ئازاد مستەفا: کورتە باسێکی بەرەی کوردستان، ب،چ ، دەزگای چاپەمەنیی شەهید فەرهاد، سوید، ١٩٨٨، ل٧٠_٧١؛ حسێن خەلیفە محەمەد: لە شۆڕشی ڕزگاریخوازیی گەلی کورددا یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان ڕۆڵێکی کاریگەر و بەرچاوی گێڕاوە، کوردستانی نوێ، چاوپێکەوتن: بەشی سیاسی، ژ ٣٩٨٣، ساڵی پانزەهەم، پێنجشەممە، ٢٠٠٦/٦/١، ل١٢.

[xlii] کوردستانی نوێ: پرسیاری هەفتە..؟ کوردستانی عێراق و دیاردەی فرە حزبی(نەوشێروان مستەفا ئەمین)، ساڵی نۆیەم، ژ(2120)، شەممە، 2000/4/15، ل7؛ سەروەر عبدالرحمان: یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، ل٧٥-٧٧؛ جەمال عەبدوڵڵا: دیموکراسی و ئازادی و ڕەخنە لەناو (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان)دا، کوردستانی نوێ، ژ ٣٦٨٦، ساڵی چواردەهەم، چوار شەممە، ٢٠٠٥/٦/١، ل٨؛ نەوزادی موهەندیس: ی.ن.ک ڕێکخراوێکی تێکۆشەر و داهێنەر و ڕابەرە، کوردستانی نوێ، ژ ٣٦٩٠، ساڵی چواردەهەم، دوو شەممە، ٢٠٠٥/٦/٦، ل٨.

[xliii] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: دیداری تەمەن، ب٢، ل٣٠.

[xliv] سەبارەت بەدەرکەوتنی ڕەوتی مارکسی _ لینینی جەلال تاڵەبانی وتویەتی: لە سەرەتاوە لەناو پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق، تەیارێکی مارکسی لینینی هەرهەبووە، ئەو تەیارە مارکسییە لینینیە ناوبەناو باڵادەست و دەنگێکی دلێر و زۆڵالی هەبووە و ناوبەناویش دەنگی کزبووە، بۆیە لەناو جەماوەری زۆر و زەبەندی حیزبەکەدا گونجاوە. لەساڵی ١٩٥٣پارتی خۆی بەرەسمی مەسەلەی مارکسی هێنایەکایەوە. لە ساڵی ١٩٥٩، کە لە بەغداد بووین بە ئاشکرا کارمانئەکرد و لە ١٩٦٠/١/٦ ئیجازەی کارمان وەرگرتبوو، لە پەیڕەوپرۆگرامدا باس لە سوودوەرگرتن و لە تێوری مارکسی لینینی دەکرا، بەڵام ئەوە زۆری نەخایاند، تێوری مارکسی لینینی گوڕا بۆ تێوری عیلمی، تەنانەت لە ناکۆکی و جیاوازی نێوان باڵەکانی پارتی بە زۆری هەستی پێدەرا. (بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:دیداری تەمەن، مام جەلال، لە لاوێتیەوە بۆ کۆشکی کۆماری، ئامادەکردنی : سەڵاح ڕەشید، چ٢، سلێمانی، ٢٠١٧، ل٤١٩-٤٢٠).

[xlv] کوردستانی نوێ، کوردستان و ی.ن.ک، ژ٥٠٢٢٦، ل

[xlvi] بەرنامە و پەیڕەوپرۆگرامی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان، لەلایەن هەر یەکە لە (فوئاد قەرەداغی و فەریدون عەبدولقادر دەنووسریت، نەک جەلال تاڵەبانی. (بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: د. ئەحمەد حەمەدئەمین: ڕەوتی چەپ لە باشوری کوردستان، کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بەنموونە، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٦، ل٦٢_٦٣؛ کۆمیتەی ڕێکخراوی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات ١٠ حوزیرانی ١٩٨٥، ئەی کرێکاران و گەلانی زۆر لێکراوی جیهان یەک بگرن، ل١).

[xlvii] فەریدون عەبدولرەحیم، س،پ، ل١١٩_١٢٠؛ فەریدون عبدالقادر، لە بیرەوەرییەکانم لەگەڵ خاڵە شیهاب و هاوڕێکانی، چ١، چاپخانەی شەهید ئارام، لە بڵاوکراوەکانی کوردستانی نوێ، سلێمانی، ٢٠١١، ل٢٨.

[xlviii] مەبەست لێی (جەلال تاڵەبانی)ە. وەرگیراوە لە: چرای ڕێی خەبات، بەشێک لە نامە و دیکۆمێنتی (د. محمد سابیر) لە شۆڕشی نوێدا، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: جەمال لۆلۆ، ب،چ، چاپخانەی پیرە مێرد، سلێمانی، ٢٠٢٢، ل٢١.

[xlix] نامەی نەوشیروان مستەفا بۆ کاکە فەرید لە ٣ی ئەیلوولی ١٩٧٧، بۆ دەقی نەمەکە بڕوانە: هـ، س، ل22-24.

[l] وەرگیراوە لە: مديرية الأمن العامة، م، س، ص١٠٧.

[li] کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، ژ٢، ١٩٨١، ل٣_٤.

[lii] موحسین عەلی ئەکبەر، چەپکێکی ژاکاو لە مێژوویەکی هەڵبەستراو، چ١، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، ب،ش،چ، ٢٠١٢، ل٦١.

[liii] کۆمەڵە لە سێ هێڵ پێکهاتبوون، هێڵەکانیش لەلایەن هەر یەکە لە ( شێخ شهاب، جەلال تاڵەبانی، نەوشیروان مستەفا) سەرکردایەتی دەکران، بە ئەندامێتی چەندین ئەندامی تر. (بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی هێڵەکان و ئەندامەکانیان بڕوانە: صلاح الخرسان: التيارات السياسية فى كردستان العراق، قراءة فى ملفات الحركات والاحزاب الكردية فى العراق ١٩٤٦_٢٠٠١، ط١، مؤسسة البلاغ بيروت، ٢٠٠١، ص٣٢٨؛ ڕۆژنامەی میدیا: دیمانەیەک لەگەڵ فەرەیدوون عەبدولقادر، سازدانی ئاوات محمود سەعید، ژ ٣٣٤، ١٥ی ٤ی ٢٠٠٨، ل١١؛ د. ئەحمەد حەمەدئەمین: ڕەوتی چەپ لە باشوری کوردستان، کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بەنموونە، ل٦٠).

[liv] عومەر سەید عەلی: هەندێ لایەن و ڕەوتی مێژوویی و سەرەتای دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، گۆڤاری ڕێبازی نوێ، ژ١٩،ل٤٣.

[lv] محمود قەرەداخی: لەو دیو سنوورەکانی مەرگەوە، چ٢، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل١٦.

[lvi] دیداری تەمەن، ب٢، ل٣٠-٣١.

[lvii] لە١٤ی ئابی ١٩٧٥ لە شاری بەرلین، لەکاتی بەستنی کۆنگرەی حەڤدەهەمی کۆمەڵی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، فەریدون عەبدولقادر چاوی بە مام جەلال دەکەوێت و ڕاسپاردەی وڵاتی پێ ڕادەگەیەنێت و هەواڵی دروستبوونی یەکێتی و شێوەی کارکردنی ناوەوە و دەرەوەی پێڕادەگەیێنێت. (وەرگیراوە لە: دیداری تەمەن،ب٢، ل٤٧).

[lviii] فەریدون عەبدوالقادر: لە زەمینە و سەرەتا و دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەدوێ، لە کتێبی چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەدوێ، چ٢، ب،ش،چ، ٢٠٠٥، ل٦٠؛ کوردستانی نوێ: فرە مچین.. فرە ئایدیۆلۆژیا .. فرە مینبەر، نوسینی شەهید حەسەن کوێستانی، ژ(716)، ساڵی سێیەم، یەك شەممە، 1994/6/26، ل3.

[lix] مەلا بەختیار: لەبری بیرەوەری، ل٥٠.

[lx] سەلام عەبدولکەریم: ژیانی سیاسیی لە باشوری کوردستان ١٩٧٥_١٩٩١"سەرهەڵدانی ڕەوتی سۆسیالست و دروستبوونی سۆسیالستی کوردستان وەک نموونە " چ١، چاپ و بڵاوکراوەی چوار چرا، سلێمانی، ٢٠١١، ل٣٩.

[lxi] فەخرەدین خەلیفە مشیر: بیرەوەرییەکانم، چ١، چاپخانەی ئارابخا، کەرکووک، ٢٠١٢، ل٣٦_٣٧.

(lxii) ئیسماعیل تەنیا: حزبی سۆسیالستی کوردستان، کانوونی دووەمی ١٩٧٦-شوباتی ١٩٩٣ (هەڵکشان ... داکشان... پەرتەوازەبوون)، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٩، ل٢٢.

(lxiii) عەبدولڕەحمان گۆمەشینی: پۆختەیەک لە بیرەوەرییەکانم، چ٢، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٣، ل٤١_٤٢؛ محمد شاکەلی: هەوراز و نشێو (بیرەوەری موحەمەد شاکەلی)، ب١، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر، ٢٠٢١، ل١٢١.

(lxiv) عومەر مستەفا ناسراو بە (عومەر دەبابە) و (کاکی کاکان): لە ساڵی ١٩٢٣ لە شاری کۆیە لەدایکبووە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە کۆیە تەواوکردووە، دواناوەندیشی لە شاری کەرکووک تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٥١ کۆلێجی ماف لە بەغداد تەواودەکات و بڕوانامەی بەکالۆرێس بەدەستدەهێنێت، لە نێوان ساڵانی (١٩٥١-١٩٦٤) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق دەبێت، پاشان دەبێت ئەندام لە باڵی مەکتەبی سیاسیی پاش جیابوونەوەیان لە باڵی مستەفا بارزانی، پاش هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول، دەبێتە یەکێک لە دامەزرێنەرانی (حزبی سۆسیالستیی کوردستان)، ڕۆڵی کارای بینیووە لە دووبارە دەستپێکردنەوەی شۆڕشی نوێ و خەباتی چەکداری، لە ٢٩ی کانوونی دووەمی ١٩٩٢، لە کاتی بەستنی یەکەمین کۆنگرەی (ینک)، بەهۆی جەڵدەی دڵەوە کۆچیدوایی دەکات. وەرگیراوە لە: کەریم شارەزا: عومەر دەبابە ١٩٢٢-١٩٩٢، ئینسکلۆپیدیای هەولێر (اربیل)، ب١٠، چ١، چاپخانەی گرین گلۆری ، لوبنان، ٢٠٠٩، ل ٤٥٦٢؛ کوردستانی نوێ: شەهیدی نەمر عومەر دەبابە... پەنجا ساڵی خەبات، ژ١٢٠٢، ساڵی پێنجەم، دوو شەممە، ١٩٩٦/١/٢٩، ل٥ ل٧؛ ئاوات کۆکەیی: عومەر دەبابەی نەمر، یاساناس و سەرکردە و فەرماندەی ڕۆژگارە سەختەکان، کوردستانی نوێ، ژ٤٧٨٣، ساڵی هەژدەهەم، پێنجشەممە، ٢٠٠٩/١/٢٩، ل٩.

(lxv) سەبارەت بە شۆێنی یەکەمین کۆبونەوەی دامەزرێنەرانی بزوتنەوەی سۆسیالستی کوردستان لە سەر چاوەکاندا، جیاواز باسی لێوەکراوە. "لە هەندێك لە سەرچاوەکاندا وا هاتووە": یەکەمین کۆبوونەوە لە ناوەڕاستی مانگی نیسانی 1975 لە ماڵی (سەید عزیز شەمزینی)ی بووە لە شاری ئۆرمێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. (بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: ڕەسول مامەند: لە یادی شەهیدان عەلی هەژار و کاردۆ گەلالی دا، کوردستانی نوێ، ژ359،ساڵی دووەم، 1993/4/9، ل5.

(lxvi) کۆمەڵێک هاوڕێی شەهید، پیاونامە، (گوڵبژێرێکی ژیاننامەی شەهیدی نەمر عەلی عەسکەرییە)، ئامادەکردنی، حەمەنوری توفیق: چ٢، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١٢، ل٥٨؛ ئامانج حەسەن ئەحمەد: برایم ئەحمەد ١٩١٤-٢٠٠٠ ڕۆڵی لە بزاڤی ڕزگاریخوازی و ڕوناکبیری گەلی کورددا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٢٣٨؛ برزۆ عەلی هەژار: عەلی هەژار سەرکردەی نێو دوو شۆڕشی کوردستان، کوردستانی نوێ، ژ٢١١٥، ساڵی نۆیەم، یەک شەممە، ٢٠٠٠/٤/٩، ل٤.

(lxvii) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: سەلام عەبدولکەریم : س، پ، ل٤٠.

(lxviii) لە ڕێککەوتی ٢٦ی نیسانی ١٩٧٥ کۆمەڵێک لە کادیرەکانی بزوتنەوەی سۆسیالستی کوردستان بڕیاردەدەن بگەڕێنەوە بۆ باشووری کوردستان، ئەوانیش بریتیدەبن لە ( عەلی هەژار، عەبدولڕەحمان گۆمەشینی، سەلیم ئاغۆک، سەید مەجید، ڕەسول مامەمد، دکتۆر خالید و عەلی عەسکەری)، گەڕانەوەیشیان بە دوو ڕێگا دەبێت، بە ڕێگای حاجی ئۆمەران و ڕێگەی قەسری شیرین. کوردستانی نوێ: بە شەهیدبوونی عەلی هەژار و ... هاوڕێکانی جەسوور تربوون لە خەبات، ژ٣٩٤٠، ساڵی پانزەهەم، سێشەممە، ٢٠٠٦/٤/١١، ل٦.

(lxix) نەجمەددین عەبدوڵلا ئیسماعیل: هەولێر لە نێوان ساڵانی ١٩٧٠_١٩٧٩ ( لێکوڵێنەویەکی مێژووییە لە بارودۆخی سیاسی)، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٦، ل١٦٩؛ افراح عزيز علي الحسناوي: صالح اليوسفي سيرته ودوره السياسي في العراق ١٩١٨-١٩٨١، رسالة ماجستير، كلية ألأداب، جامعة ذي قار، غير منشورة، ٢٠٢٠، ص١٢٥.

(lxx) کەریم حیسامی: بیرەوەرییەکانم، ب٥، ب،چ، سوید، ب،س،چ، ل٧٥.

(lxxi) ئازاد مستەفا: ناوی تەواوی (محمد مصطفى محى الدين)، لە ساڵی ١٩٤٨ لە گوندی بارزان لەدایکبووە، لە تەمەنی لاوێتیەوە بەشداریی کاری سیاسی کردووە، لە ساڵی ١٩٦١ بووەتە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان/عێراق، پەیمانگای تەندروستی تەواوکردووە، پاش جیابوونەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی لە مەلا مستەفا، دەبێتە لایەنگری باڵی مەکتەبی سیاسی، لە ساڵی ١٩٧١ دەبێتە هاویر لە ڕێکخستنەکانی (کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوەی یەکێتیی کورد _کاژیک)، پاش هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٧٥ لەگەڵ هەریەکە لە (فەرهاد عەبدولقادر، شێرزاد فاتیح)، پارتی سۆسیالستی کورد-پاسۆک، دادەمەزرێنن، لە ساڵی ١٩٧٧ دەستگیردەکرێت، بە ١٠ساڵ زیندانی دەکرێت، پاشان لە ساڵی ١٩٧٩ بەر لێبوردنی گشتی دەکەوێت، پاشان ڕوو دەکاتە شاخ، لە ٢١ی ئازاری ١٩٨٠ دەبێتە کەسی یەکەمی پاسۆک، بەهۆی نەخوشییەوە لە ساڵی ١٩٨٧ کوردستان جێدەهێڵێت، لە ١٠ی ئازاری ١٩٨٩ لە کاتژێری (١٥:١٠) سەرلەبەیانی لە وڵاتی سوید کۆچدوایی دەکات، چەندین نووسین و بڵاوکراوەی هەیە، زۆربەیان دەربارەی بیری نەتەوەیی بووە، وێرای وەرگێرانی چەند کتێبک، لە کاتی کارکردن و نووسینەکانیدا دوو نازناوی تری هەبووە ئەوانیش (ئازاد، عەلی) بووە. (وەرگیراوە لە: زانا فەقێ: پارتی سۆسیالستی کورد - پاسۆک، ل٦٥؛ گۆڤاری خویندکاری کورد: ژ١٥، ئەیلوولی ١٩٨٩، ل٤-٦؛ بێستون ئازاد مستەفا: س، پ، ل ٧-١٠؛ www.pasok.org).

(lxxii) نامەی ئازاد مستەفا بەناوی ڕاپۆرتێ دەربارەی کێشەی ئەم دواییەی حیزبی سۆسیالستی کوردستانی عیراق (حسک)، بۆ ئاراس وەلی، ئایاری ١٩٨٥، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: محمد حاجی محمود: ڕۆژمێری پێشمەرگەیەك، باسی ڕوداوەکانی خەبات و شۆڕشی میللەتەکەمان دەکات 1976-2004، ب4، چ1، چاپخانەی هەژار موکریانی، 2021. ل475-485.

(lxxiii)ئیسماعیل تەنیا: س،پ، ل٢٧؛ سمکۆ أنور: چەند زانیاریەك سەبارەت بە ژیان و تێکۆشانی هەڤاڵی هەرگیز نەمر ((ڕەسول مامەند))، کوردستانی نوێ، ژ(659)، ساڵی سێیەم، چوار شەممە، 1994/4/13، ل6.

(lxxiv) د.عەلی تەتەر نێرەوی: س، پ، ل٦٤؛ ئیسماعیل تەنیا: س،پ، ل٣٠.

(lxxv) دیداری تەمەن، ب١، ل٦٦.

(lxxvi)عادل مراد: محاولة جادة لكتابة جزء من التاريخ الحديث لكرد العراق، جريدة (االاتحاد)، ع ٣٧٣، ٢٠٠/٦/٩ز، ص؛ دیداری تەمەن، ب١، ل٦٦_٦٧.

(lxxvii) عماره عباس محمود: الفكر سياسى لجلال الطالباني، رسالة ماجستير(غير منشورة)، جماعة القاهرة، كلية الاقتصاد والعلوم لسياسية، ٢٠١٢، ص٩٧.

(lxxviii) نەوزاد علی ئەحمەد: سەرەتای کاروانەکە، باری دوێنێی خەباتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەکۆمەڵێک بەڵگەنامەی گرنگدا، ١٩٧٥_١٩٨٠، چ١، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، ب،ش،چ، ٢٠١١، ل٩٣؛ سەروەر عەبدولرحمان: یەکێتی نیشتیمانی کوردستان،

ل١٠٣؛ فوادعلی احمد: الاتصال السياسی في الاحزاب الكوردية، الاتحاد الوطني الكوردستاني، نموذجا، رسالة ماجستير (غير منشورة)، جامعة السليمانية، كليه علوم الانسانية، قسم الاعلام، ٢٠٠٨،ص.١٠٠.

[lxxix]کوردستانی نوێ: چاوپێکەوتن لەگەڵ مام جەلال، ژ (١٢٩٨)، ١٩٩٦/٦/٢، ل؛ نەجمەددین عەبدوڵلا ئیسماعیل: س،پ،ل١٦٩؛ دیداری تەمەن،ب، ل٦٦_٦٧.

[lxxx] ئارەزوو یوسف حەسەن: ڕۆڵی ئۆرگانی ناوەندی پارتەکان لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد (1975-1991) (پ.د.ك) . (ی. ن. ك) وەك نموونە، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، 2015، ل21؛ پشکۆ نەجمەدین: ئەزموونە و یاد، ب1و2، چ3، 2011، ل34.

[lxxxi] سەروەر عەبدولرحمان: یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، ل١٠٣.

[lxxxii] مەلا بەختیار: لەبری بیرەوەری، ل٥١.

[lxxxiii] چاوپێکەوتن لەگەڵ مەلا بەختیار، ١٩ی ئابی ٢٠٢١، سلێمانی. (حیکمەت محەمەد کەریم ناسراو بە (مەلا بەختیار)، لە ساڵی 1954 لە شارۆچکەی خانەقین لەدایکبووە، لە ساڵی 1970 دەبێتە ئەندام لە کۆمەڵەی مارکسی-لینینی کوردستان)، بەشداربووە لە دروستکردنی کۆمیتەی هەرێمەکان، لە ساڵی 1976 پشتیوانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری کردووە، لە نێوان ساڵانی 1976- 1985 ڕۆڵی کارای هەبووە لە ڕێکخستنەکانی (ینك)، چەندین لێپرسراوێتی هەبووە، لە ساڵی 1985 (ئاڵای شۆڕش)ی دروستکردووە، بەو هۆیەوە لە هەمان ساڵدا دەستگیر دەکرێت، تا ساڵی 1989 بە دەستبەسەری دەمێنیتەوە، لە ساڵی 1993 دەگەڕێتەوە ناو ڕێکخستنەکانی (ینك)، چەندین پلەی حزبی وەرگرتووە، لە ئیستادا ئەندامی ئەنجوومەنی باڵای سیاسیی (ینك)ە، لە سلێمانی دەژی).

[lxxxiv] رفيق صالح: كتابات في المسألة الكردية، ط٢، مطبعة شڤان، سلمانی، ٢٠٠٨، ص٣٧٢_٣٧٥؛ ڕەحیم حەمید عوبدولکەریم: دەربارەی ڕاگواستن و تەعریب لە ناوچەی خانەقین، چ١، چاپخانەی کارۆ، کەرکووک، ٢٠١٤، ل٦٤.

[lxxxv]ئۆفرا بینگیۆ، س،پ، ل٢٣١-٢٣٥؛ کۆنووسی پاسۆک، لە نێوان ساڵانی ١٩٨٠_١٩٩٠، لای تۆێژەر پارێزراوە.

[lxxxvi] وەرگیراوە لە: حامید گەوهەری، ئیدریس بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسن، چ١، ستهکۆڵم، ٢٠١٤، ل٢٢٥.

[lxxxvii] سعد بشير اسكندر: عن الدولة الحديثة، والامة و النزعة القومية في العراق – العربي وكردستان، ب، ط، مكتب الفكر والتوعية، السليمانية، ٢٠٠٥، ص١٠٣.

[lxxxviii] زانا فەقێ: س،پ، ل١٤٤.

[lxxxix] د. عەلی تەتەر نێرەوی: س،پ، ل٦١؛ بێ ناوی نوسەر: ڕازێکی کوردانە، شۆڕشی سەخت، گۆڤاری (ئاڵای سوری کوردایەتی)، ژ(٨)، ئەیلوولی ١٩٨٠، ل١٠_١١؛ ڕۆژنامەی برایەتی: ژ٢٦٣٥، ٢٦ی تەمموزی١٩٩٨، ل١٣؛ دەزگای ستاندەر بۆ ڕاگەیاندن و توێژینەوە، ئەزموونی بەرە لە هەرێمی کوردستان (ئەزموونی بەرە لە ئاستی نێودەوڵەتی و نێوخۆی)، ئۆکتوبەری ٢٠١٧، ل٣١.

